# کۆنگره

ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

ژمارە ٥٠ گەلاوێژ – خەرمانانی ٢٧٠٩ی کوردی

خەبات لەپێناو دامەزراندنی

کوردستانێکی ئازاد و

دیمۆکرات و سەربەخۆ

Newsletter of Kurdistan National Congress (KNC) Nr. 50, July - August 2009




دوکتۆر خەلیقی:

**خەونی سەربەخۆیی**

"ل ٥"



شیلان شۆرش:

**لەبارەی هەڵبژاردنی باشووری کوردستان**

" ل ١٣"



پارێزەر کامیل ژیر:

**درەختی کوردایەتیی**

"ل ١٥"



**بانگەوازێک لەلایەن دوکتۆر جەواد مەلا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە** "ل ٤"

ئەیوب رەحمانی:

**پاشا سێهەزار ساڵەکەی "حەسەنئاوا" ی سنە، چی بەسەرهات؟!**

"ل ٩"



## چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە روانگەی رژێمی تورکیاوە!

پاش هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی و، دامەزرانی رژێمی نوێی تورکیا لەساڵی ١٩٢٣ و لکاندنی بەشێکی گەورەی نیشتمانەکەمان لەلایەن زلهێزەکانی سەردەمەوە بەنەخشەی جۆگرافیای تورکیاوە، رژێمی کەمال ئەتاتورک بەمەبەستی بەهێزکردن و پتەوکردنی دەسەلاتی بەسەر کوردستاندا، پلانی تواندنەوەی رەگەزیی کورد و سرینەوەی نێوی کوردستانی دارشت. ئەتاتورک و داروودەستە رەگەزپەرستەکەی، وەرامی داخوازی و دۆستێتیی و هاوپەیمانێتیی کوردیان بە گوللە و باروت دایەوە. لە ئەنجامی دەربڕینی نارەزایەتی و راپەرینەکانی کورد بەسەرۆکایەتیی **شێخ سەعیدی پیران و ئیحسان نووری پاشا و سەید رەزای دەرسیم دا، کە لەساڵی ١٩٢٥ هەتاکو ساڵی ١٩٣٨ درێژەیان کێشا**، پتر لە ملیۆن ونیوێک کورد قەلاچۆکران و، بە سەتان هەزاری کورد دیکەش بۆ شار و مەلبەندە تورکنشینەکان راگوێزران.

ئایدۆلۆژیی رەگەزپەرستانەی **"یەک نەتەوە، یەک خاک و یەک نیشتمان و یەک ئالا"** **"بۆلاپەرە ٢"**


❊ - لەیادی (٣٠) ساڵەی فتوای جیهادی خومەینیی .... ل ٧

❊ - گرنگیی پرۆژە و هەستی نەتەوایەتیی .......... ل ١٧

❊ - سۆزی ئەوین .................................. ل ١٨

❊ - بەشێک لە چالاکییەکانی رێکخراوی ژنان ........ ل ٢٠

❊ - بکوژانی دوێنێ و، ئازادیخوازانی ئەمرۆ .......... ل ٢١

**"ماوەی لاپەڕە ٢"**

بوو بە سیاسەتی فەرمی و، لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و پەروەردەدا پێڕەوکرا. زمان و فەرهەنگ و داوونەریتی کوردان ڕێبەندکرا. لەساڵانی شەستەکان وهەفتاکانی سەدەی رابوردوو، لەئەنجامی خەباتی دژوار و نهێنیی ڕۆناکبیران و نیشتمانپەروەرانی کوردەوە، بە هەزاران کورد گیران و، بەرەورووی زیندان و شکەنجە و تیرۆر و سێدارە هاتن.

دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی پێ کێ کێ لەساڵی ١٩٨٤ی زایینی، شکاندنی ترس وشەوەزەنگی گورگەبۆرەکان بوو. وەرامێکی بەجێبوو بۆ سیاسەتی نکولیکردنی کورد.

ئەورۆکە، رژێمی تورک بەرەورووی چەندین کێشەی گەورە بووەتەوە و، کۆی ئەم کێشانە، بارودۆخی سیاسیی تورکیای تووشی ئاڵۆزی و قەیرانی گەورە کردووە. تورکیا پاش هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤێت، بۆ رۆژاڤا گرنگیی خۆی لەدەستداوە، چەندین وڵاتی نوێ لە قەفقاز و باڵکان بوونەتە هاوپەیمانی ئەمریکا و ئەندام لە ناتۆ کە لەپێشدا لەنێو بلۆکی رۆژهەڵاتدا بوون، لەبەر ئەوە لەلایەن رۆژاڤا – بەتایبەتیی لەلایەن ئەمریکاوە وەک رابوردوو پشتیوانیی دارایی ناکرێ لێی. گوشاری یەکێتیی ئۆرووپا سەبارەت رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و چارەسەرکردنی پرسی کورد، سەرئێشەی



چارەکە سەدەیەک لە شەڕ و بەربەرەکانێی چەکداری و خەباتی جەماوەریی لەدژی رژێمی رەگەزپەرستی تورکیا تێپەڕ بووە. لەو ماوەیەدا، کاربەدەستانی تورکیا و لەسەرووویانەوە ژنەڕاڵەکانی سوپای تورک، پاش بەکارهێنانی هەموو فرتوفێڵ و پیلانێکی سیاسی و دەیان هێرشی گەورە و بچووکی سەبازی و سووتاندنی مەزرا و کێڵگە و وێرانکردنی هەزاران گوندی کوردستان، نەتەنێ نەیانتوانی بزاڤی رزگاریخوازیی باکووری نیشتمانەکەمان وەک رابوردوو سەرکوت بکەن، بەڵکو لەگەڵ تێپەڕبوونی مانگ و ساڵەکان، بەربەرەکانێی بەرینی جەماوەریی سنوورەکانی کوردستانی تێپەڕاندووە و، ئۆرووپا و وڵاتانی دیکەی جیهانیشی گرتووەتەوە و، نێوەرۆکی گەندەڵ و نامرۆڤانەی سیستەمی سیاسیی تورکیای بۆ جیهان ئاشکرا کردووە.

بەردەوامی کاربەدەستانی تورکیایە. شەڕی ٢٥ ساڵەی بێئەنجامی سوپای تورک لەگەڵ پێشمەرگەی پێ کێ کێ و، سەرنەکەوتنی سوپای تورک لە بەرامبەر شەڕڤانانی **پێ کێ کێ**، لەلایەک زیانی گەورەی بە ئابووری وبووجەی لاوازی تورکیا گەیاندووە، لەلایەکی دیکەشەوە، بەردەوامبوونی شەڕ و بەرخۆدانی گریلای پێ کێ کێ لەرەوتی خۆیدا بووەتە هۆی گەشاندنەوەی هەستی نەتەوەیی و، بەرزبوونەوەی ورەی جەماوەری کورد و، شکاندنی ترس و سام و هەیبەتی سوپای تورک کە بە ئازایەتی و دلێریی نێوی رۆیبوو. جۆشدانی خەباتی شاخ و شار لەلایەن سەرکردەیەتیی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لە باکوور و، خستنەڕێی چالاکیی رۆشنبیری و خەباتی جەماوەریی بەرێگەی سازکردنی حیزبێکی وەک DTP **(پارتی کۆمەڵگەی دیمۆکراتی)**، کە

لێهاتووی و شارەزاییەکی باشی لە بواری رامیاری و دیپلۆماسی و رێکخستندا لەخۆی پێشانداوە، بەشێکن لەو کێشە گرنگانەی تورکیای تووشی قەیران کردووە. ئەم بارودۆخە ئالۆزە، کاربەدەستانی تورکیای هێناوەتە سەر ئەو بیرەوە کە بەرێگەی سیاسی و، بە کردنەوەی دەرگەی بەنێو وتوویژ، تێبکۆشن بۆ تێکدانی یەکێتیی نێوان سەرکردەیەتیی کورد و، تێکشکاندنی خەون و ئاواتی لەمێژینەی بۆ گەیشتن بە ئازادیی واتە، ئەگەر پتر لە هەشتاساڵ بە جێنۆسایدکردن نەیتوانی کورد لەنێو ببا، ئێستا دەیەوێ لەرێگەی سیاسییەوە درێژە بە ئامانج وسیاسەتی داگیرکاریی بدات.

نەتەوەی کورد، گەلێک بیرەوەریی لە وتوویژ لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا هەیە. وتوویژی نێوان رژێمی بەعسی عێراق لەساڵی ١٩٧٠ لە گەڵ سەرکردەیەتیی شۆرشی ئەیلوول، هەروەها وتوویژی نێوان کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ دەستەی نوێنەریتیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەساڵی ١٩٧٩، دوو نموونەی زەق و دیارن کە ئەو دوو رژێمە داگیرکەرە پێشانیاندا مەبەستی سەرەکییان لەخستنەرێی شانۆگەریی وتوویژ لەگەڵ کورد، دەستخستنی کات و رەخساندنی هەلومەرجی سیاسی و لەشکریی لەبارتر بوو بۆ لاوازکردنی یەکێتیی کورد و، شکاندنی هێزوتوانای پێشمەرگە. لەهەر دوو ئەو دانووستانانەشدا کاربەدەستانی رژێمی تورکیا، سەردانی تاران و بەغدایان کردبوو، بێزاری و ترس و دڵەراوکەی خۆی سەبارەت بە وتوویژ لەگەڵ کورد بەئاگاداریی کاربەدەستانی عێراق و ئێران گەیاندبوو. بەدڵنیاییەوە ئێستاش لەبیروباوەڕی دژ بە کوردی ئەم رژێمە هیچ نەگۆڕاوە و، مەبەست و ئامانجی تورکیا تەنیا و تەنیا پیلانگێڕی و تێکدانی یەکێتیی نێوان کوردانە.

پێویستە سەرۆکایەتیی بزووتنەوەی باکووری کوردستان، بە هۆشیارییەوە ئەم قۆناخە گرنگ و مێژووییەی خەبات و پشتیوانیی بێوێنەی جەماوەریی گەلەکەمان هەڵسەنگێنێت. لەپێش هەر شتێکدا، پێویستە بە پلان و داخوازیی دیاریکراوەوە لەگەڵ کاربەدەستانی تورکیا کۆببێتەوە. **داوا لە رژێمی تورکیا بکرێت، پاش ئەو هەمووە کارەساتانەی بەسەر نەتەوەی کورددیدا هێناوە، بۆ پێشاندانی نیازپاکیی خۆی، داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکا و، وەک یەکەم هەنگاوی کردەییش، پەرلەمانی تورکیا گۆڕانکاری لە ئاسای بنچینەیی وڵات (زاگۆن) دا پەسندبکات. لە زاگۆنی وڵات، بەرەسمیی بنووسرێت، تورکیا لە دوو نەتەوەی کورد و تورک پێکهاتووە** و، دەبێت لەهەموو بوارەکاندا خاوەنی مافی یەکسان بن. **رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان بەرێز عەبدوڵلا ئۆجەلان و هەموو گیراوانی سیاسیی ئازاد بکرێن.** پاشان هەر دیدار و کۆبوونەوەیەک لەگەڵ تورکیادا ئەنجامدەدرێت، پێویستە بۆ رێگرتن لە پیلانگێریی تورکیا، نوێنەری کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و، شاندێکی هەڵبژاردەی پەرلەمانی ئۆروپا وەک چاودێر بەشداری کۆبوونەوەکان بن. کۆبوونەوەکان دەبێ بە ئاشکرا بن و، نەتەوەی کورد لە نێوەرۆک و ئەنجامی هەموو لێدوانەکان ئاگادار بکرێنەوە.

لەم بارودۆخە هەستیارەدا، هەڵگرتنی هەر هەنگاوێکی بەجێ و ژیرانە، سەرکەوتنی هەنگاوەکانی دواتر دەستەبەر دەکات. چارەنووسی تێکرای نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانیدا، بە سەرکەوتنی گەلی کورد لە باکوورەوە گرێدراوە. باکووری کوردستان گەورەترین بەشی نیشتمانە لەرووی خاک و حەشیمەتەوە. رژێمی تورکیاش سەرقافڵە و پێشرەوی درندەیەتی و دژایەتیکردنی کورد و، کێشە رەواکەیەتی. سەرکەوتن بە سەر تورکیادا، دەبێتە رێخۆشکەر بۆ سەرکەوتن بەسەر داگیرکەرانی دیکتاتۆر و کۆنەپارێزی وەک عێراق و ئێران و سووریادا.

**بێگومان، رژێمی تورکیا و گەلی تورک کە سەدان ساڵە بەبیری رەگەزپەرستی و قڕکردنی گەلانی دیکە پەروەردەکراون، هیچ کاتێک ئامادەنابێت دان بە مافەکانی کورددا بنێت. لەبەر ئەوە سەرۆکایەتیی بزووتنەوەی باکووری کوردستان بەگشتی و، پارتی کۆمەڵگەی دیمۆکراتی (DTP) بەتایبەتیی، پێویستە پشتیگیریکردنی یەکێتیی ئۆروپا و وڵاتانی دیمۆکرات، بخەنە خزمەتی بەرژەوەندی و ستراتیژی نەتەوەیی کوردەوە. ملنەدان بە مافەکانی کورد و پێداگرتنی رژێمی تورکیا لەسەر پاراستنی پرنسیپەکانی رەگەزپەرستانەی، بکرێتە هەوێن و زەوینەخۆشکەری راکێشانی پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە کورد و، داوای ئەنجامدانی راپرسییەکی گشتی و ئازاد بکرێت لە باکووری کوردستان بە چاودێریی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئۆروپا و وڵاتانی دیمۆکرات. چونکە هەتاکو کێشەی کورد، نەکرێت بە کێشەیەکی نێونەتەوەیی، کۆمەڵگەی جیهانیی، کێشەی کورد بە کێشەی نێوخۆیی ئەو وڵاتانە تەماشا دەکات کە کوردستان لەنێویاندا دابەشکراوە. هەر ئەوەشە کە رژێمەکانی داگیرکەری کوردستان لەکاتی پەرەسەندنی بزووتنەوەکانی کوردستاندا هەوڵدەدەن وتوویژ و دیدارەکانیان لەگەڵ سەرکردەکانی کورد، بەنهێنی بێ و، جگە لە خۆیان چ کەس و لایەنێکی دەرەکیی بەشداری کۆبوونەوەکان نەبێت، ئاکامی ئەم چەشنە کۆبوونەوانەش هەمیشە بەزیانی کورد تەواو بووە.**

# بانگەواز

**بۆ رای گشتی کورد و جیهان!**

**بۆ هەموو ولاتانی جیهان!**

**بۆ گشت رێکخراوە جیهانی و مرۆڤایەتییەکان!**

**بۆ گشت دەزگە و کەسایەتییەکانی زانستی و کۆمەڵایەتی و رامیاری و راگەیاندن!**

**سڵاوی ئازادی و دادپەروەری و یەکسانیی**

**بەرێزان!** دەمانەوێ پێتانرابگەیەنین کە رژێمی رەگەزپەرست و دیکتاتۆر و تۆتالیتەری سووریا بەردەوامە لەسەر تاوانەکانی دژی گەلی کوردی رۆژاوای کوردستانی داگیرکراو لەلایەن دەوڵەتی سوریاوە لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە و راگەیاندنی جەنگێکی بێدەنگ دژی گەلی کوردی بێچەک کە تا ئێستا رۆژێک چەکی بەرزنەکردوەتەوە بۆ بەرگری لەخۆی وەک هەرێمەکانی دیکەی کوردستان، بۆیە پێش ئەوەی کار لەکار بترازێت ئەم بانگەوازەتان ئاراستە دەکەین تاکو بزانین:

**ئایا کەس گوێی لە هاواری دایکە جگەرسووتاوەکان هەیە؟**

**ئایا کەس دەتوانێ ئەم کوشتارە ئاشکرایە بە وشەیەکیش بێ، رابگرێت؟**

دیارە ئەوەی کە بتوانێت و هیچ نەکات بێگومان لەگەڵ رژێمی سوریای رەگەزپەرستدا بەشدارە ...کار لە رادە تێپەربوە و کەوتووینەتە داوی قۆناخی پچرانی ئاسایشەوە. دەبێ گەلی کورد راپەڕێ و بە هەموو رێگەیەک، هەر لە مانگرتن تا یاخیبوونی شارستانی بەرگری لەخۆی بکات، ئەگەر ئەوەش نەبێ دار و بەرد لە هەموو شوێنێکدا هەن و کەسیش نازانێت زۆرلێکراو ئەگەر راپەرێت تواناى چەندە! حکومەتی رۆژاوای کوردستان لە هەندەران بەپەشێوییەکی زۆرەوە تەماشای هەواڵەکانی ساڵانی دوایی دووپاتبوونەوەی رووداوی کوشتنی هاونیشتمانانی بە رەچەڵەک کورد دەکات کە لەکاتی خزمەتگوزاری سەربازیی زۆرەملێ لە سوپای سوریادا بەشێوەی نادیار لەنێودەبرێن.

ئێمە لەناخی دڵمانەوە داوای سەبووری بە بنەماڵەکانی هەموو ئەو سەربازانە دەکەین کە لە نێو سوپای سووریادا بەشێوەی نادیار لەنێوچوون و، بەرپرسیارێتیی تەواوی ئەم تاوانە دڕندانەیە دەخەینە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی سوریا و داوا لە دەوڵەت و رێکخراوەکانی جیهان دەکەین کە لێکۆڵینەوەی پاک و ئاشکرا و دادپەروەرانە بکەن، تاکو لێپرسراوەکان دیاریبکرێن و قورسترین سزایان بدرێت و قەرەبووی مادی و مەعنەویی بنەماڵەی سەربازە کوژراوەکان بکرێت. **هەر لەکاتی راپەرینەکەی ١٢ ئادار ٢٠٠٤ ی رۆژای کوردستانەوە**، بە سەتان لاوی کورد کە تەمەنیان ١٨ تا ٢٢ ساڵە، لەکاتی خزمەتگوزاری سەربازیی زۆرەملێدا لە سوپای سووریادا کوژراون و کەسیش بەتەواوی ژمارەیان، یان ناویان نازانێت، بەڵام ئێمە، هەندێک لە ناوەکانمان بەدەست گەیشتوون کە دواهەمینیان **هۆگر رەسول حەسۆیە** کە تەرمەکەی لە ٩-٨-٢٠٠٩ دا دراوەتەوە بە کەسوکاری.

**لەخوارەوەش هەندێک ناوی دیکەی ئەو شەهیدانە نووسراوە کە بەدەستی موخابەراتی سوری لەکاتی خزمەتگوزاری سەربازیی زۆرەملێدا لەناوچوون:**

1. محمد شێخ محمد خەڵکی عەفرین
2. محمد ویسۆ عەلی خەڵکی ئاوبانی
3. ئیدریس محمود موسا خەڵکی گوندی تەل حەبەش لە عاموا
4. فەرهاد عەلی سەیف خان خەڵکی ئاوبانی
5. شیار یوسف خەڵکی عەفرین
6. سوار تەمۆ خەڵکی درباسیە
7. عەگید نەواف حەسەن خەڵکی درباسیە
8. ئیبراهیم رەفعەت چاویش خەڵکی عەفرین
9. محمد بەکر ادا خەڵکی عەفرین
10. بەرزان محمود عومەر خەڵکی علایا
11. لوقمان سامی حسێن خەڵکی عەفرین
12. قاسم حامد خەڵکی حەسەکە
13. جهاد ئیبراهیم یوسف
14. برخدان خالد حەمۆ خەڵکی ئاوبانی
15. محمود حەنان خەلیل خەڵکی عەفرین
16. خەیری برجس جندۆ خەڵکی عاموا
17. زیا مەلا خەڵکی گوندی مەعشوق رەبیع
18. ئەحمەد سەعدون
19. خەبات شێخموس
20. ئەحمەد عەبدولرەحیم خەلیل موستەفا
21. مالک عەکاش شەعبۆ
22. عارف عەبدولعەزیز سەید عوسمان خەڵکی قامشلۆ
23. محمود هەللی خەڵکی ئاوبانی
24. محمد عومەر خدر خەڵکی درباسیە
25. هۆگر رەسول حەسۆ

**د. جەواد مەلا**

**سەرۆکی حکوومەتی رۆژئاڤای کوردستان لە هەندەران**

12-8-2009

دوکتۆر حسێنی خەلیقی:

# خەونی سەربەخۆیی



ئۆتوپیا، به واتای "ئیدەئال" یان "ئیدەئالی کۆمەڵایەتی" یان "شاری بێناو ونیشان" که له هەلومەرجێکدا، له گورەپانی کردەوەدا، ویناچێ جێبەجێ بێ. بروا به ئۆتوپیا، له مێژوودا خاوەن ریشەیه. لەگەڵ مرۆڤدا له دایک بووه و لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی ئەودا، ئەبێته خاوەن رەنگ وبۆی کۆمەڵایەتی. دواتر ئەم بروازەینکردە، لەگەڵ مرۆڤدا، خۆی گەیاندووەته قەوم وکۆمەڵگەلی کۆمەڵایەتی وئایینی و بەم جۆرە بروای زەینی کۆمەڵەلی جیاواز و نەتەوەکانی پێک هێناوە. کشتگربوونی ئەم بروا تا ئەوشوێنه کاریگەری هەیه که هیچ گروپێکی ئایینی و قەومی و نەتەوەیی له ئارادا نییه که چاوەروانی کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی نەبێ. هەربۆیە ئۆتوپیا، نه بابەتی ئێستایه ونه تایبەته به قەوم ونەتەوە وکۆمەڵگەیەکەوە. سەرەرای ئەمەش له هەلومەرجێکی تایبەتیدا، ئۆتوپیا، له ئاسمانی زەین و خەیاڵەوە، بەرەو زەوینی راستییەکان، ملی رێگا دەگرێته بەر و به شێوەی پێشمەرجی ئێدئۆلۆژییەکان له جموجۆلی کۆمەڵایەتیی خەڵکدا، ئەرکگەلی گرنگ وەئەستۆ دەگرێ. بەم جۆرە کۆمەڵگەی ئامانجی، هەڵگری چەمکێکه که به کردەوە لەگەڵ ویست وخواست وهاتنەمەیدانی ئێرادەی راستەوخۆی مرۆڤ، پێوەندیی هەیه. به وتەیەکی دیکه ئەم چەمکانه زیاتر پێوەندییان بەو زەوینەوە هەیه نەک ئاسمانی خەیاڵ و بەشێکن له داخوازگەلی کۆمەڵایەتیی.

به لەبەرچاوگرتنی ئەم راستییه، ئۆتوپیا، له بنەرەتدا، وێنەی زەینی، کۆمەڵەخەڵکێکی خاوەن ئێش و ئازار، له کۆمەڵگەیەکی زەینکردی بێ چەوسانەوە و بێ ئازار و وەک نموونەیەکی کۆمەڵایەتی "رزگاری" له دەردگەلی کۆمەڵایەتی، دەردگەلی بەرهەمی ستەم و نایەکسانی و هەژاری و چەوساندنەوە، کەڵکی لێوەردەگیردرێ. له چەرخی هەژدەی زاینیدا،، کۆمەڵگەی ئیدەئالی له سەردووبنەمای گرنگ، دامەزرا، که بریتیبوون له:

**١- بروا به بەرەوپێشچوون و باشتربوونی باری ژیانی گشتی.**

**٢- گەشبینی به بەرفراوانبوونی باری کۆمەڵایەتی و پێکهاتنی گۆرانکاری لەودا.**

ئەمانە له زەمینەی فەلسەفیدا، دواتر، سەریان کێشا لای بۆچوونێکەوە که هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ژیانێکی جیاواز و نەناسراو و له هەمان کاتدا، پێشکەوتوو و پر له بەختەوەری بوو به ئامانجی. ئەوجار برواگەلی وەک : بروا به چاکبوونی مرۆڤ، و ئەگەری دەست راگەیشتن به دادپەروەری کۆمەڵایەتی، وەروەها هاتنه سەرئەوبروایه که به کەڵک وەرگرتن له زانست ورێز دانان بۆ"مافگەلی مرۆڤ"، چ سرۆشتی وچ کۆمەڵایەتی و رێکوپێککردنی پەیمانگەلی دادپەروەرانەی کۆمەڵایەتیی، دەکرێ ببینه پشتیوانی چاکسازی کۆمەڵایەتی وبەرزکردنەوە ی پلەی ژیانی گشتی وهەلومەرجێک بۆ بەرەوپێشچوون و چاکسازیی گشتی، برەخسێنین. له سەرئەم بنەما، گورانکاریی کۆمەڵایەتی، نەک تەنیا گونجاوە، بەڵکوو به پێچەوانەی پروپاگەندی هێزە کۆنەپەرستو رووبەرابۆرووەکان، ئەم رەوته به بەشێک له یاساگەلی گشتی، کۆمەڵگە دێتەژماردن و تەنانەت هیچکەس ناتوانێ، ببێته لەمپەری بەرەو پێشچوونی. بێجگە لەوە، گۆرانکاری کۆمەڵایەتیی، لەگشت گورەپانەکانی ژیاندا، چ ئابووری چ سیاسی و فەرهەنگی وهونەری، پێویستیی چاکسازی و بەرەوپێشچوون و ژیان لەباری مرۆڤ وبێ گورانکاریی بنەرەتی له قەوارە وکەسم بیچمی کۆمەڵایەتیدا و بێ رزگاربوون له برواگەلی

کۆن و پڕوپووچ وسەربەرەورابۆردوو، گەیشتن بە چاکسازی و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتیی نەگونجە.

**هەرجۆرێک بێ دوێنی مارتین لوترکینگ، خەونی بە برایەتی رەش وسپییەوە دەدیت وئەورۆ ئۆباما، بەرزترین پلەی سەرکردایەتی لە ئەمریکادا، وەدەست هێناوە. چێگوارا، خەونی بەرزگاری ستەملێکراوان وهەژارانی جیهانەوە دەدیت وهۆشەمین، دەیویست، لووتی شارستانەتی ناپاڵمەکانی ئەمریکا، لە بن دیوارەکانی"هۆنە" لە خاک وەردا وەری دا.**

ئەمرۆش رۆڵەکانی نەتەوەبندەستەکەمان، خەون بۆ سەربەخۆیی کوردستانی گەورەوە دەبینن و بە خوێنی خۆیان هەلومەرج بۆ کێشانەخوارەوەی ئەم خەونە و وێنەزەینکردە بەرەو زوین و بەرەو گەیشتن بەو ئامانجە، ئامادەدەکەن. وەک زۆر لەوخەونانە لە بوارگەلی کۆمەڵایەتی وتیکنیکدا، کە دەمێک، لە گۆڕەپانی زەینیشدا، نەگونجاو، لە قەڵەم دەدران و ئەورۆ بە هاتنەدییان، مرۆڤیان تووشی سەرسوورمان کردووە، بە لەبەر چاوگرتنی بڕوا بە گوڕانکاری، رۆژێک دادێ، ئێمەش بەو ئاواتە دەگەین کە بە داخەوە، هەندێک لە گۆیا رێبەرەکانی ریکخراوەکوردییەکان، بە"خەون وخەیاڵ"ی لە قەڵەم دەدەن و بانگەشەی بۆ دەکەن کە کوردستانی وکورد، دەبێ سەرینی دڵنیایی لە ژێرسەریان بنێن کە هەرگیزاو هەرگیز بەو ئاواتە سرۆشتکردەناگەن! دەبێ بەوەش ئاماژە بکەین کە ئەو کەسانە لە چەمکی "شاری ئامانج وئیدەئالی ئامانجی" ئاگادارنین و وەک من لە سەرەوە باسمکرد، وای نابینن، چونکە لە ژیانیادا، لەگۆمی ناوچەگرابیدا، مەلەیان کردووە!

**"هیچکەس و رێکخراو وگرووپیکی کۆمەڵایەتیی کوردی، نابێ، بانگەشە بۆ نەگونجاویی ئەوئامانجە پیرۆزە بکا. چۆنکە خاکی کوردستان بەخەلکی کوردستان رەوایەو بۆ کەسانی دیکە بە تاک و کۆ و رێکخراو و دەسەلاتی داگیرکەر نارەوایە ودەبێ رۆژێک ئەم مافە و ئەم خاک و ئاو و بۆنوبەرامەی ئەم سەرزەوییە پیرۆزە، بگا بە خاوەنەکانی. دیارە ئەمەش پێویستی بە هەوڵی بێوچان و یەک کاسەکردنی ئامانج و ویست و خواستی نەتەوەیی هەیە و ئەگەر ئەورۆ ئاسۆی گەیشتن بەو قۆناخەش لێڵ بی، بە لەبەرجاوگرتنی باسەکەمان، نابێ، دەست لە سەردەست دابنین و بەخۆمانی بسەلمینین، کە گەیشتن بە 'کوردستانیکی دەسەڵات دیمۆکرات وسەربەخۆ" نەگونجە. دەبێ رۆڵەکانمان بە گیانی نەتەوایەتی گۆش بکەین و تێیانبگەیەنین، هەلگرتنی ئەم بارە سەنگینە و، تەنیا خۆمان بەرپرسیارین هەڵیگرین و تا لووتکەی ئاوات، دابنانین".**

کەوابوو، دابەزاندنی ئیدەئالی زەینکرد لە ئاسمانی خەیالەوە، بە بڕوا بەپێکهێنانی زەمینەی دادپەروەری و هەوڵدان بۆ پێشخستنی کۆمەڵ و سرینەوەی ستەم، گۆنجاوە و هەتا هەنووکە زۆر لەو وێنە گوایە نەگۆنجاوانە لە گۆرەپانی کردەوەگەلی کۆمەڵایەتیدا، گۆنجاون وکراسی کردەوەیان لە بەرکردووە. هەربۆیە، هیچکەس و رێکخراو و گرووپیکی کۆمەڵایەتی کوردی، نابێ، بانگەشە بۆ نەگونجاویی ئەوئامانجە پیرۆزە بکا. چۆنکە خاکی کوردستان بەخەلکی کوردستان رەوایەو بۆ کەسانی دیکە بە تاک و کۆ و رێکخراو و دەسەلاتی داگیرکەر نارەوایە و دەبێ رۆژێک ئەم مافە و ئەم خاک و ئاو و بۆنوبەرامەی ئەم سەرزەوییە پیرۆزە، بگا بە خاوەنەکانی. دیارە ئەمەش پێویستی بە هەوڵی بێوچان ویەک کاسەکردنی ئامانج و ویست و خواستی نەتەوەیی هەیە و ئەگەر ئەورۆ ئاسۆی گەیشتن بەو قۆناخەش لێڵ بێ، بە لەبەرجاوگرتنی باسەکەمان، نابێ، دەست لە سەردەست دابنین و بەخۆمانی بسەلمینین، کە گەیشتن بە "**کوردستانیکی دەسەڵات دیمۆکرات و سەربەخۆ**" نەگونجە. دەبێ رۆڵەکانمان بە گیانی نەتەوایەتی گۆش بکەین و تێیانبگەیەنین، هەلگرتنی ئەم بارەسەنگینە و، تەنیا خۆمان بەرپرسیارین، هەڵیگرین و تا لووتکەی ئاوات، دابنانین.

**خەلێقی ٢٠٠٩/٨/٤**

# لەیادی (٣٠) ساڵەی "فتوای جیهاد"ی ئایەتوڵڵا خومەینیی لەدژی نەتەوەی کورد!



**هاونیشتمانانی بەڕێز!**
**گەلی نەبەز و خۆڕاگری کورد!**

لەساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەم، سەدەی زانست و تێکنۆلۆژیا و سەتەلایت، سەدەی دیمۆکراسی و ئازادی و رزگاریی گەلان، رێبەری رژێمێکی داگیرکەری کوردستان بەنێوی ئایەتۆڵلا رۆحوڵلا خومەینی، بەپێڕەوی لە یاساوداونەریتی کۆنی هەزاران ساڵە، لەدژی نەتەوەی بندەستی کورد فتوای جیهادی دەرکرد.

دوابەدوای دەرکردنی فتوای جیهاد لەلایەن خومەینییەوە، لەرۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ (١٩ی ئەگوستی ١٩٧٩ی زاینی)، سەدان هەزار حیزبوڵلای کفنپۆش و پێڕەوی بیری بنچینەگری ئیسلامیی، خۆبەخشانە و، بە کلیلی بەهەشتەوە، تێکەڵ بە سوپای ئێران بوون و، بەرەو کوردستان شاڵاویان هێنا.

ئایەتۆڵلا خومەینیی، لە فتواکەیدا کە لە میدیای ئێرانەوە بلاوکرایەوە، رایگەیاند: "دەبێ شاری سنە لەنێو کاتژمێر و، شاری "پاوە" لە شەووڕۆژێکدا لە "دژە" شۆرش" پاک بکرێتەوە. هەر فەرماندەیەکیش سستی و کەمتەرخەمی بنوێنێ، لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێ و، سزا دەدرێت!".

هاوکات، سەرکۆمار و سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی ئێران بەنێوی "ئەبولحەسەنی بەنی سەدر" و "هەندازیار بازرگان"، لەگەڵ ئایەتۆڵلا و کاربەدەستە گەورەکان، هەروەها رێکخراوەی موجاهدینی گەلی ئێران و، حیزبی توودەی ئێران، پشتگیریان لە فەرمانەکەی خومەینی کرد و هانی خەڵکی ئێرانیان دا، تا بەوتەی ئەوان، بۆ لەنێوبردنی دژە شۆرش و پیلانی ئیمپریالیزم لەنێوچەکە، روو لە کوردستان بکەن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆ جێبەجێکردنی ئامانجی داگیرکەرانەی، لە ئاینی ئیسلام و، بیروباوەڕی ئاینیی خەڵک و، دواکەوتوویی فەرهەنگیی کۆمەڵگەی ئێران کەڵکیوەرگرت و، شەرێکی گەورە و ناڕەوای بەسەر نەتەوەی کوردا سەپاند و، لە ئاسمان و زەوییەوە کوردستان درایە بەر ئاگری گوللەی تانک و بۆمبای فرۆکە و، بەهەزاران رۆڵەی کورد گیران و، کەوتنە بەر لێدان و شکەنجە و ژمارەیەکی زۆریش گولله بارانکران.

بەڵام، تێکرای هێزە چەکدارەکانی ئێران لە هێرشی کوللەئاسایان بۆ سەر کوردستان، نەتەنێ لە شەووڕۆژێکدا کوردستانیان بۆ داگیر نەکرایەوە، بەڵکو لەماوەی سێ مانگدا بەهۆی یەکگرتوویی بێوێنەی خەڵکی کوردستان و، ئاگری دوژمنبەزێنی پێشمەرگەوە، بەرەورووی شکستێکی گەورە هاتن، فەرماندەکانی سوپا وکاربەدەستانی سیاسیی رژێم لە کوردستان، خومەینییان ئاگادار کرد، هێزەکانیان لە بەرامبەر پێشمەرگەدا توانای بەرگریکردنیان نییە و، بارودۆخەکە بەو چەشنە برواتە پێش، لەشکرگەی شارەکانیش دەکەونە مەترسییەوە. ئەوە بوو، خومەینیی بەناچاری داوای ئاگربەسی کرد و، پەیامێکی پڕ لە درۆی بۆ گەلی کورد

بڵاوکردەوە. بەڵام ئاشکرا بوو کە نیازی ڕژێم ڕێکخستنەوەی هێزەکانی و، سازکردنی ناکۆکی بوو لە نێو لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا و، پاش تێپەڕبوونی دوو مانگ بەرە بەرە کەوتە پیلانگێڕان و، هێرشی دووبارەی بۆ سەر کوردستان دەستپێکردەوە.

پاش تێپەڕبوونی (٣٠) ساڵ بەسەر دەسەڵاتی نگریسی

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – ڕۆژهەڵات، لە یادی (٣٠) ساڵەی فتوا بەدناوەکەی خومەینیی رایدەگەیەنێ، تاکە ڕێگەی کۆتاییهێنان بە کوشتوبڕی کورد و، پێشگرتن لە تاڵانکردنی سامان و کانزاکانی کوردەواریی لەلایەن دوژمنانییەوە، ڕزگارکردنی نیشتمانەکەمانە لەدەست داگیرکەران و، گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆییە. لەبەر ئەوە پێویستە هەموو خەبات و تێکۆشینێک



ڕژێمی داگیرکەری ئێران لە کوردستان، سەرەڕای شەهیدکرانی دەیان هەزار مرۆڤی کورد، سەرەڕای گرتن و لێدان وشکەنجە و گوللەبارانکردنی بەردەوامی تێکۆشەرانی کورد، ئەڕۆکە، ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە شار و شارۆچکە و هەموو مەڵبەندەکانی ڕۆژهەڵات، بە ورەیەکی پتەوتر لە ڕابردوو، بە باوەڕ و هەستی پیرۆزی کوردایەتییەوە، خەباتێکی گورموگوڕتر و پشنگدارتریان دەستپێکردووە و، لە داهاتوویەکی نێزیکدا پێگە و داوودەزگەی نگریسی ڕژێمی داگیرکەری ئێران، بۆ هەمیشە لە کوردستان ڕادەماڵن و، بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، بناخەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە سەر شوورە و، قەڵای تێکشکاوی دوژمنانی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان دادەمەزرێنن.

بۆ ئامانجی ڕزگاریی یەکجارەکی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بێت!

با (١٩)ی ئەگوست، ساڵیادی فتوا بەدناوەکەی ئایەتوڵڵا خومەینیی خوێنڕێژ، بکەینە ڕۆژی یەکگرتن و، ڕۆژی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان!

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی هەموو گیانبەختکردووانی ڕێگەی ئازادی و ڕزگاریی کوردستان!

سەرکەوێت تێکۆشینی یەکگرتوانەی کورد، بۆ گەیشتن بە ڕزگاریی یەکجارەکی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – ڕۆژهەڵات
16/8/2009

# پاشا ٣٠٠٠ ساڵەکەی "حەسەن ئاوا"ی سنەچی بە سەر هات؟!



rahmayub@yahoo.de
نووسینی: ئەیوب رەحمانی

مێژوو پڕە لە وانە و دەرسی بە کەڵک و پڕ بایەخ و هەر نەتەوەیەک توانیبێتی لە مێژووی خۆی و لە سەرکەوتنەکان و لاوازییەکان و دۆڕاندنەکانی رابردوو وانە وەربگرێت، ئەو نەتەوە، ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە، ئەو گەلە توانیویەتی سەرکەوتو بێت و ئاسۆیێکی رۆشن بۆ داهاتووی خۆی دەستەبەر بکات و بۆ ئەو هەوراز و نشێوانەی کە لە داهاتوودا دێنە سەر رێگەی بە وانە وەرگرتن لە رابردوو و ژیری و تاکتیکی نوێی سەردەم، رێگەچارە بۆ کۆسپەکان بدۆزێتەوە!

لە بەر ئەو هۆیە و زۆر هۆگەلی دیکەش نووسینەوەی مێژوو یەکێکە لە گرنگترین ئەرکەکانی هەر گەلێک کە پێویستە بایەخی زۆری پێبدرێت و نە تەنیا ئەوەی نوسراوە هەڵ بگیرێت و لێکۆڵینەوەی زانستیانە و مێژووناسیانەی لە سەر بکرێت، بەڵکو ئەو مێژووەش کە هێشتا نەنوسراوەتەوە بەڵکو لە ناو سنگ و مێشکی کەسانێکی بە تەمەندا کە هێشتا لە ناوماندا ماون و زیندوون هەر ماوە و پاشکۆ کراوە، دەبێت پێش ئەوەی لە بوونی ئەو ئایزانە بێ بەش ببین، ئەو رووداوانەی کە دیویانن و تەنانەت بۆچوونەکانیشیان لەمەڕ رووداوەکان، هەر هەموو لە لایەن کەسانی دەوربەریانەوە یان ئەوانەی توانای ئەو کارەیان هەیە بنووسرێنەوە و بۆ نەوەکانی داهاتووی گەلەکەی بپارێزرێن. لە وڵاتانی پێشکەوتوو زۆر بایەخ بەم ئەرکە دەدرێت و نە تەنیا زۆر حورمەت لە پیرەکانی وڵاتیان دەگرن، بەڵکو دایمە وتە نەوتراوەکانیان دەنوسرێنەوە یان بە دەنگ و رەنگ هەڵدەگیرێن. دیارە لە داهاتوودا کەمتر ئەم کێشەمان دەبێت، بۆ ئەوەی ئەمرۆکە تەکنیکی تەواو بۆ تۆمارکردنی رووداوە هەنوکەییەکان هەن، تەکنیکی ئەمرۆ لە رابردوودا نەبووە و تەنیا رێگە، نووسینەوەیان بووە و ئەوانەش کە نەنووسراونەوە، دەتوانین لە رێگەی دۆزینەوەی ئاسەوارە مێژووییەکان و لێکۆڵینەوە لەسەریان، خوێندنەوەیەکیان لە سەر بکەین!

مێژووی گەلی کوردستان، مێژوویەکی ئێجگار ئاڵۆز و پڕ کێشە و هاوکات خوێناوییە و پڕە لە قارەمانەتی ئەم گەلە ستەملێکراوە. رەنگە بە هەڵە نەچوبێتم ئەگەر بڵێم کەمتر لە سەدا سی (30%) مێژووی ئێمە دیارە و زۆربەی ئەم مێژووە نادیارە، یان هێشتا نەنووسراوەتەوە. زۆر لە کتێبە مێژووییەکانمان لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە لە قۆناخە جۆر بە جۆرەکانی رۆژگار و تەمەندا و بە ناوگەلی جۆراوجۆر ونکراون یان لە نێوبراون و سوتێنراون. زۆربەی ئاسەوارە مێژووییەکانی گەلەکەشمان کە ئەوانیش لە جێگەی خۆیاندا دەیانتوانی لە سووچێکی هەر چەند بچکۆلە لە مێژوو و رابوردووی ئەم زێد و خاکە و گەلەکەی و چۆنێتیی ژیانی رابردووی بکۆڵێتەوە و هەندێک روونکردنەوەی زیاترمان




لەمەڕ رابردووی هۆزە کۆنەکانمان پێشانبدات، بەڵام زۆربەی ئەوانیش بەداخەوە هەر بەو دەردانە براون! واتە یان ون کراون و هەر ئێستاکە لە مۆزەخانەکانی تاران و ئەنکارا و بەغداد و دیمەشق و لەندن و پاریس و موسکۆ و واشنتۆن و زۆر پێتەختی و شوێنی دیکەی جیهاندا هەڵگیراون و داگیر کراون، یان بە ناوی ئاینە جۆربەجۆرەکانەوە و بە دەستی داگیرکەرانی کوردستانەوە لە نێوبراون. دیارە هەر ئێستاکەش لە نێو نیشتمانی کورداندا زۆر شوێنی مێژوویی و کۆن هەن، کە هێشتا خۆشبەختانە لە ژێر گڵدا ماون و هیوادارم تا کاتێک کورد نەبێتە خاوەنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی دڵسۆز، ئەم ئاسەوارانەش هەروا لە ژێر گڵدا بمێننەوە و دواتر بدۆزرێنەوە.

## دۆزینەوەی ئاسەوارێکی زۆر گرنگ لە کوردستان و، ونبوونی وەک تەنیا یەک نمونە!

ماوەیەک پێش ئێستا لە بەرەبەیانی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٢ی گەلاڕێزانی (مانگی ئابانی ئێرانی) ٢٧٠٨ی کوردی، ١٢ی نومبری ٢٠٠٨ی زایینی لە کاتی دروستکردنی

جادەی سنە/حەسەنئاوا لە دەور و بەری شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە نێزیک ئاوایی حەسەنئاوا پێنج تا حەوت گۆڕ دۆزرانەوە کە یەکیان پاشایەکی مۆمیاییکراو بوو لە نێو تابوتێکی زێڕیندا کە لە نێوەوە زێڕکاری کرابوو. دەرەوەشی بە سرپ و ساروج و بە شێوەیەکی باش هەواگیری کرابوو کە لاشەکە لە نێو نەچێت و حاڵەتێکی پاستۆریزە کراوی هەبوو کە لە جۆری خۆیدا بێوێنەیە! کارناس و لێکۆڵەرەوە کوردەکان کە یەکەم جار چوونە سەری، لێکیانداوە کە ئەم تەرمە مومیاییە و هی دەورو و بەری سێ هەزار ساڵ لەمەوبەرە. هەموو دەزانین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕژیمێکی داگیرکەرە لە کوردستان و ئەم دەوڵەتە داگیرکەرە هەر بە دوا دۆزینەوەی ئەم ئاسەوارانەوەیە. هاژۆر (شۆفیر)ی لۆدێرەکەش کە خۆی کوردە بە چاوی خۆی دیبوی و ڕەنگە هەر ئەو فیلمەکەی لێهەڵگرتبێتەوە، بەڵام دەستوپێوەندەکانی ئێتیلاعاتی ڕژیم بە خێراییەکی زۆر کەوتنە خۆ و خێرا بە کۆپتەرێک لاشەکەیان بە تابوتەوەکەوە و بە هەموو کەرەستەکانی دیکەوە کە لە گەڵی بوون وەک سندوق و نێزە و خەنجەرو نوسراوە و کەتیبەی زێڕین و سەفحەکەی سەر قاچی و هەروەها نوسراوەیەکی دیکەش کە بە تابووتەکەوە و لە پشت سەری پاشاکەوە بوو کە هەرسێکیان بە شێوە نوسینی بزماری لەسەریان نووسرابوون، بردیان و دواتر بە تەواوی حاشایان لە بوونیان کرد و وتبوویان کە قسەکە هەڵبەستراو بووە و تەنیا چوار لاشە دۆزراونەتەوە و تلویزیۆنی سنەش چوار لاشەی پیشان خەڵک دابوو، بەڵام پاشاکەیان ون کرد و وتبویان کە بوونی پاشا لە ناویاندا ساختەیە و تەنیا پەیکەرێکی مفرەغی دروستکراو بووە و تا ئیستا وێنەی نەبووە کە لە ئێران مومیاییمان بوو‌بێت. بەڵام کاتێک خەڵک باسی دیتنی فیلمەکەی دەکەن و بۆ ڕاستی و دروستی داوای دیتنی شتە ساختەکە و پەیکەرە مفرەغیەکەیان کردبوو، دواتر تەنیا چەند ئێسک و پرووسکیان نیشانی خەڵک دابو و تەنانەت حاشایان لەو وێنانەش کردبوو کە تلویزیۆنەکەی سنە بڵاوی کردبووە. دوای ئەم کارانە پارێزگاری سنە و سەرۆکی دایرەی **"میراث فرهنگی"** سنەیان بانگ کردن بۆ تاران و ڕەنگە گیرفانیانیان هەڵ خنیبێتن و هەڕەشەی بێدەنگ بوونیشیان لێ کردبێتن و یا ڕەنگە دەستی خۆیانیش لە پشت ونبوونی ئاسەوارەکە بێت. دواتر کە لەتاران گەڕانەوە بۆ سنە و خەڵک داوای وەڵامیان لێ کردبون وتبوویان کە ئەوە شایعە بووە و بێدەنگی لەو بارەوە باشترین هەواڵنێرییە! ئەمانە و زۆر شتی دیکەش پێشانیدەدەن کە ئاسەوارەکە ڕاست بووە و ئەگەرچی دواتر بە هۆی زەختی خەڵکەوە جێگری "میراث فرهنگی" بەڕێز ئیقباڵی دیانی بە بوونی دۆزینەوەی هەندێک کەرەستەی گرنگدا نابوون، وەکو حەوت گۆڕ و نەک پێنج گۆڕ و هەروەها گۆزە قورینە، گوارە و بازنەی ژنانە، نێزە و سەر نیزەی مفرەغی، نووکی تیری کەمان، ئاجی فیل و چەند دانەیێک مۆرەی عەتیق و بەردی بەنرخ و دەگمەن و هەندێ شتی دیکەش، بەڵام بەم حاڵەش سەریان لە خەڵک شێواند و جارێک وتیان ئەو پادشایە لە سنە نەبووە و لە دەوروبەری شاری ستانی ئیلام (کە ئەویش هەر کوردستانە) بووە و جارێک وتیان لە "خدافر" بووە و جارێک ڕێکەوتی دۆزینەوەکەیان یەک حەوتوو دوا خست و وتیان لە ٢٩ی ئابان دۆزراوەتەوە و زۆر درۆودەلەسەی نەزانانەی تر، بۆ ئەوەی خەڵک وەڕەز کەن و دواتر لەم کارەشیاندا سەرکەوتوو بوون. ئاکامەکەی بوو بەوە کە هیچکەس تا بە ئەمڕۆکەش نەیزانی چییان بە سەر ئەو ئاسەوارەی گەلەکەماندا هێنا!؟ دیارە هەر ئێستاکە لە مۆزەخانەی تاران چەند تەرمی مومیاییکراو هەیە کە بە شێوەی میسری کۆن هەڵگیراون و ئەمەش خۆی ئەو بیانووەی کاربەدەستە دزەکانی ڕژیم ڕەتدەکاتەوە کە بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکی کورد، وتبوویان لە ئێران هەرگیز ئاسەواری مومیاییکراو نەبووە و نەدۆزراوەتەوە. ئەم کارەی کۆماری ئیسلامیی تاوانێکی ئێجگار گەورەیە کە لە بەرامبەر گەلی ئێمە کردوویەتی و تا ئێستاش وەڵامدەرەوە بە هیچکەس نەبووە و نییە. دیارە لە سەر تۆڕی ئینتێرنێت فیلم و وێنەکانی ئەو پاشایە کە وێدەچو لە پاشاهانی ماد بووبێت بە بەرینی بڵاو کرایەوە، لە گەڵ ئەم وتارەدا چەند وێنەم کە **ماڵپەڕی ایرنا و کورد نیوزی** سەر بە ڕژیم هێناوە و فیلمە سی و پێنج چرکەیە و بە گوشی (بیستۆک)ی مۆبایل گیرابوو، بە زۆری لە سەر ماڵپەڕی یوتیوب هێشتا هەر ماوە. ئەم ئاسەوارانە دوای ماوەیەک کە دزەکانی سپای پاسداران و ئێتیلاعات حاشایان لە بوونی کرد، بە ناچاری و بەداخەوە



له بیر خەڵک چووەوە و ئیتر باسی لێنەکرا. تەنانەت یاسری کوڕی ڕەفسەنجانی کە بکوژی ئەم جۆرە ئاسەوارانەیە لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ڕێگەی ئاسەوارە کوردییەکان و ئەوانەی سەردەمی مادیش کە لە کوردستان دزراون، تا ئێستا ملیۆنەها دۆلاری پەیداکردووە، زۆر بە پەلە خۆی گەیاندبووە شوێنەکە کە لە پێنج سەد مەتری تەپۆڵکەی ناسراوی زاگرۆس دایە کە پێشتر ئەم تەپۆڵکە زۆر شتی دیکەی لێ دۆزراوەتەوە و تەپۆڵکەکە لە لایەن دایرەی "حفظ اثار ملی و فرهنگی" کۆماری ئیسلامیەوە تۆمار کراوە. ئەگەر ئەو مومیاییە ڕاست نەبوایە، یاسری ڕەفسەنجانی بە پەلە خۆی نەدەگەیاندە شوێنەکە کە کوردستانە و مەترسیی تیرۆری ناوبراو لە گۆڕێدایە! دیارە کۆماری ئیسلامیی بەرپرسە لەمەڕ ئەو تەرمە مومیاییە، یان ڕەنگە باشتر بێت بڵێین کۆنسێرتیزە کراوە، بەڵام کۆماری ئیسلامیی وەک هەموومان دەزانین ڕژیمێکی داگیر کەری نائاسایی و نایاساییە و وڵامدەرەوەی هیچ بەرپرسیارەتییەک، ئەویش لە هەمبەر گەلی کوردستان و ئاسەوارە مێژوویەکانیشیدا نەبووە و لە داهاتووشدا تا ئەو ڕۆژەی کە لە دەسەڵاتدا بمێنێت هەر وڵامدەرەوە نابێت. ونکردنی ئەو ئاسەوارە گرنگە بە ئەنقەست و هۆی سیاسی کراوە. ئەوە ئەرکی گەلی کوردستانە کە زانایانە و بە هەست بە بەرپرسیارەتییەوە نرخی ئەو ئاسەوارانە بزانن و بە شێوەیەکی جەماوەری و یەکدەنگ و یەکبەڵێن و، بە شێوەی ئارام و تەنانەت لە ڕێگە یاساییەکانەوە، دوای ونبوونی ئەو تەرمە مۆمیاییە و زۆر ئاسەواری دیکەش بکەون و کۆماری ئیسلامیی بێننە پای ئەوەی کە وڵامیان پێ بداتەوە و لەمەڕ ئەو ئاسەوارانە و زۆر شتی دیکەش وەڵامدەرەوە بێت! لەم پێوەندەدا حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیش ئەرکی سەرشانیانە کە لە مێدیاکانیان بۆ لە قاودانی کۆماری ئیسلامیی لەمەڕ دزینی ئەو ئاسەوارانە تێبکۆشن و لە دەرەوەی وڵاتیش بە هەمووان، جیهان لەم کردەوە دزێوانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاگادار بکەینەوە!

## هۆکارەکانی ونکردنی ئەم ئاسەوارە گرنگەی گەلەکەمان چی بوون؟

هۆکارەکانی ونکردنی ئاسەوارە مێژووییەکانی گەلی کوردستان زۆرن کە دەتوانم دەست بخەمە سەر دوو خاڵ کە پێموایە گرنگن کە بیانزانین. یەکەم هۆ بۆ کۆماری ئیسلامی کە ڕژیمێکی داگیرکەر و دژەکوردە، شاردنەوەی مێژووی ئێمەیە! گەلی ئێمە هەمیشە و بەردەوام بندەست و ژێر دەستە نەبووە و بگرە ئەو ئێرانەی کە ئەمڕۆکە فارس و ئازەری بە ملکی بێکەموکورتی خۆیانی دەزانن، لە بنچینەوە هی ئێمەی کورد بووە و باووباپیرانی ئێمە لە سەر ئەم خاکە ژیاون و ئاوەدانیان کردووەتەوە و بۆ پاراستن و بەربڵاوکردنیشی خوێنیان داوە و لە سەردەمانێکدا و لە قۆناخێکدا یەکێک لە گەورەترین ئیمپراتورییەکانی سەرزەوی کە نێزیک سێ سەد ساڵ دەوامی بووە و قەڵەمڕەوی مادەکانی پان و بەرینتر کردووەتەوە، باووباپیرانی ئێمە بوون. هەر چی گەلی تورک یان ئازەرییە فریان بە سەر ئەو مێژووەوە نەبووە و نییە و ئەوان گەلانی کۆچبەری نوێن و دەگەڕێنەوە بۆ دەورانێک پێش هێرشی مەغۆلەکان کە هاتوونەتە ئەم شوێنانەی کە ئێستا داگیریان کردووە و ئەمڕۆکەش کە وا کورد غەزەبی لێگیراوە، ئەوان کوردی تێدا ڕاو دەنێن، واتە کوردەکان لە سەر خاکی خۆیان دەر دەکەن! ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ گەلی فارسیش هەموو مێژوی ئەمان لە کۆتایی فەرمانڕەوایی مادەکان و سەرەتای هاتنەسەرەوەی کوروش کە دایکی کورد بووە و دروستبوونی سلسلەی هەخامەنەشی لە ئێران دەستپێدەکات و لەو سەردەمەوە تا بە ئەمڕۆ ئیتر بەردەوام ئەوان بە فێڵ و پیلان لە سەرکوتکردنی گەلانی دیکەدا و خۆگەورەتر کردنەوەدا بوون و ئەوجار دەسەڵاتی خۆیان لە ئێران تا بە ئەمڕۆ سەقامگیر کردوە. ئەمڕۆکە ئەوان ڕێز لە مێژوی ٢٥٠٠ ساڵەی خۆیان لە ئێران دەگرن و کورش و داریوش و خەشایار و یەزدگرد و ئەمانە سومبولی ئەم ٢٥٠٠ ساڵ شارستانییەتی ئەوانن. بەڵام مەخابن کە پێش ئەوان هەر وەک باسی لێکرا، هەموو ئێران هی گەلی کوردستان بووە و کوردەکان بۆ ڕزگاریی خۆیان و بۆ پارێزگاریی لە ژیان و ئاوروو و کەسایەتییان وردە وردە دوای نەمانی ئیمپێراتوری مادەکان ئیتر ئێرانیان چۆڵ کردووە و پەنایان بردووەتە بەر شاخە بەرزەکانی زاگرۆس و کوردستانی ئەمڕۆ، ئیتر لەوێ دوژمنەکانیان نەیانتوانیوە زەفەریان پێبەرن. ئەگەر نا ئێستا ئێمەش ئاسەوارمان نەمابوو! هۆکاری ونکردنی مێژووی ئێمە ئەوەیە کە ئێمە ئەو مێژووە نەزانین و هەر خۆمان بە بندەستە بزانین و پێمانوابێت لەوەتی ئێمە بوونمان هەیە هەر بندەستەی فارس بووینە، لەم ڕووەوەیە کە ئەوان بەڵگەی دەسەڵاتداری و خاوەندارێتی ئێمە لە ئێران دەسڕنەوە و بە خیاڵی خاوی خۆیان ئەم دزینانە هۆشیاریی گەلی ئێمە لەمەڕ ڕابردووی خۆی کوێر دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر چی تا ڕادەیەک تێیدا سەرکەوتوو بوون، بەڵام بەخۆشییەوە نەیانتوانیوە ئەم هۆشیارییە بە تەواویی وشک کەن. ئیمە دەبێت لەمبارەوە هۆشیارت بین لە جاران!

**کۆمەڵێک پانئێرانیست یان باشتر وایە بڵێم پانفارسیستی بە ناو مێژووناسی فارس**، دوای دۆزینەوەی ئەو تەرمە ٣٠٠٠ ساڵەیەدا، هەموو هەوڵی خۆیان خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەو پاشایە بە هەموو نیشانەکانی، کە بوونی هەیە، بە ساختە و

هەڵبەستراو و ناڕاست لە قەڵەم بدەن و گاڵتەی پێبکەن. کاتێک دەچیتە سەر ماڵپەڕەکەی خۆیان چیها شاخ و باڵ کە بۆ کورش و داریوش و ئەمانەی خۆیانیان دروستکردووە. نموونەی ئەمانە وەک **ڕەزا مورادی غیاس ئابادی** لە ماڵپەڕی **'پژوهشهای ایرانی"** هێرش دەکاتە سەر ئەم ئاسەوارە و ڕاستی و دروستییەکەی ڕەتدەکاتەوە، بەڵام بە چ پیداهەڵگێشانێک باسی **کورش و داریوش و خەشایار و تەختی جەمشید** و ئەمانەی خۆیان دەکات! ناو براو دەڵێت پاشا نییە و لاوێکی بێمووی بێچارەیان داناوە و بە کاموا ڕیشیان بۆی دروست کردووە، لە حاڵێکدا کاربەدەستانی ڕژیم جارێک وتبوویان شتی وا نەدۆزراوەتەوە و جارێکیش وتبوویان پەیکەرێکی مفرەغی بووە، ئەی ئەگەر ئەمانە ڕاستدەکەن بۆ ئەو لاوە بێ مووە یان ئەو پەیکەرە مفرەغیە بە ئێجگاریی ونکراون و پیشانی کەسی نادەن، تا خەڵک دڵنیابن؟ ناو براو دەڵێت کەتیبەی تەنەکەیی و کڵاوی جێژنی لەدایکبوونی منداڵان و سندوقی تەختەیی لە جنسی دار و ئەمانەیان هێناوە و ناویان لێناوە ئاسەواری سێ هەزار ساڵەی مۆمیاییکراو!

ئەمانە دەری دەخەن کە ئەو پانفارسیستانە و ڕژیمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیی، چەندە لەو تەرمە و لەو چیرۆکانەی کە لە پشت ئەو تەرمەوە نووستوون و لێکۆڵینەوە لەو تەرمەوە دەر دەکەون، دەترسن. ئەوەی جێیداخە بەڵام ئێمەی کورد خۆمانین کە ئاوا بە ئاسانی دەستمان لە داواکردنەوەی ئەو تەرمە هەڵگرتووە و گوێی خۆمانمان لێخەواندووە و هەر دەڵێی نەش بووە!!

هۆیەکی دیکەی ونکردن و حاشالێکردنی، دزین و سەوداگەری و پارەپەیدا کردنە بەو ئاسەوارەوە کە ڕەنگە سەدان میلیۆن دۆلار نرخی بێت. ئەو تەرمە بێجگە لەوەی کە وەک ئاسەوارێکی کۆن بە نرخ بێت و ئەوەش کە زێڕ و زیوەر کە تەنانەت لە نێوەوەی تابوتەکە بە کار هێنراون بە نرخن، بەڵام لە هەموو گرنگتر ئەوەیە کە ئەو تەرمە بە بێئەوەی کە وەک میسری کۆن و وەک ئەوەی کە تا ئێستا بۆ مۆمیایی باو بووە، لە مۆم و پارچە و ئەمانەوە نە پێچراوە و بەڵکو هەر وا بە ڕووتی لە نێو تابووتەکەدا دانراوە و تابووتەکە کە لە جنسی مفرەغ و لە نێوەوە بەزێڕ نەخشێنداروە، هەواگیری کراوە و ڕەنگە خوێنی ناو تەرمەکەش گیرابێت و وشک کرابێت و ئەوجار بەم شێوە لە نێو تابووتەکەدا پاستۆریزە کراوە و ئەمە خۆی لە نەوعی خۆیدا بێوێنەیە و ئەگەر ئێمەی کورد لە ٣٠٠٠ ساڵ لەمەوپێشدا خاوەنی ئەم زانستیی هەواگیری و پاستۆریزە کردنە بووبێتین، کەواتە زۆر پارەسەنگی زانستی دیکەی ڕۆم و یونانی کۆنیش تێکدەچن کە گالیلە بە زانای ناسینی هەوا و

ئەمانە دەناسرێت! گرنگیی زیادە لە ڕادەبەدەری ئەو تەرمە لێرەوە دەردەکەوێت و هەر بۆیەشە من دەڵێم سەدان میلیۆن دۆلار نرخی هەیە! لەبەر ئەوە ئەم بەشە دەبێت کارناسی خۆی لێی بکۆڵێتەوە و من تێیدا شارەزا نیم. بەڵام هەواڵە ناخۆشەکە ئەمەیە کە تەرمەکە ونکراوە و دیار نییە کۆماری ئیسلامیی تا ئێستا چی بەسەر هێناوە! پرسیار ئەوەیە کە ئایە ڕۆژێک دێت ئەم تەرمە نەفەوتابێت و ڕاگیرابێت و یونسکۆ بە ناوی کوردەوە تۆماری بکات؟

## باسێک لەمەڕ یارسانی بوونی ئەم مومیاییە

**لە شوێنێک خوێندمەوە گوایە ئەم تەرمە یارسانی و سەر بە ئاینی یارسان بووە و گوایە نووسراوەکان بە خەتی بزماری ئەمە دەسەلمێنێت و نوسراوە: "ئەمن پادشای ئەم نیشتمانەم و بە ناوی ئاهورامەزدا تا زیندووم یار و پشتیوانی ئەم گەلەم و ئاور و خۆر ڕۆحم شاد بکەن و هتد..!".** ڕاستییەکەی ئەمەش ڕوون نییە تا کارناسێک کە بە تەواویی شارەزای مێژوو و خەتی بزماری نەبێ و تەرمەکەش لە بەر دەستیدا نەبێت، زۆر شت نازانرێت. ئەوەی کە تا ئێستا دیارە و زانراوە، تەرمێکی مۆمیایی بە شێوەی پاستۆریزە کراو و بە نوسراوەی بزماری و دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠٠ ساڵ لەمە پێش و لە نێزیک ئاوایی حەسەنئاوا لە گۆڕستانێک کە شەش تەرمی دیکە و زۆر شتی دیکەیشی لێبووە، دۆزراونەتەوە و تەرمی پاشاکەش لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە حاشای لێدەکرێت!

**١٤ی گەلاوێژی ٢٧٠٩**






# لەبارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە



## شیلان شۆڕش
## بەرپرسی ڕێکخراوی سەربەخۆی دێمۆکراتی ژنانی کورد

٢٥ ی مانگی تەموز ی ٢٠٠٩، هەڵبژاردنی پەرلەمانی باشووری کوردستان (کوردستانی عێراق) بەڕێوەچوو. یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان پێکەوە بەلیستێک بەشداریان کرد بە ناوی لیستی کوردستانی. سەرجەم ٢٥ لیستە بەشدارییان کرد، لەنێو ئەوانیشدا ئەولیستەیەی ناوی "لیستی گۆڕان"ە، دەنگێکی زۆری بەدەستهێنا. ئەم هەڵبژاردنە تەنیا بۆ پەرلەمان نەبوو، بەڵکو سەرۆکی هەرێمیش هەڵبژێردرا.

### پێش هەڵبژاردنەکە:

پێش هەڵبژاردن یەکێتی و پارتی هەوڵیاندا کە بەزووترین کات پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان تێپەڕێنن. سێ هەفتە دوای ئەوەی کە پەرلەمان لە هەولێر کاری تەواو بووبوو، داوای دانیشتنێکی نائاسایی پەرلەمان کراو، بڕیار درا کە پرۆژەی دەستوور هەر لە ڕۆژی هەڵبژاردندا بخرێتە دەنگدانەوە. بەڵام دواجار کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی کاتی ئەمەی ڕاگرت، بۆیە جارێ دیار نییە کەی دەستووری هەرێم دەکەوێتە بواری کارپێکردنەوە.

لەناوچەکانی ژێردەستی پدک، زەحمەتیی بۆ ئۆپۆزیسیۆن زۆربوو، کە هەڵبژاردن بەڕێوەبەرن. هەندێک کاندید هەڕەشەی کوشتنیان لێکرا، هەبوو لێیدرا، هەشبوو گیرا. لەکاتی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا کە بڕیار بوو لیستێکی نەیار " **بزووتنەوەی چاکسازی** " بەرنامەکانی خۆی پێشکێش بکات، کارەبا لە کەناڵەکە بڕدرا. کە پرۆگرامەکە تەواوبوو کارەبا گەڕایەوە. پلاتەکانی لیستی گۆڕان ڕێک دوای هەڵواسینیان ئەدڕینران. لە ٢١ی تەموزیشدا تەقە لە نووسینگەکەیان کرا.

لە **تالیبانستان لە دەوروبەری سلێمانی** پارتە ئۆپۆزیسۆنەکان خۆپیشاندانی گەورەیان ڕێکخست و ئاڵاو پلاکاتێکی زۆریان بڵاوکردەوە. بانگەشەی هەڵبژاردن پەرەیسەند بۆ شەڕی سەرشەقامەکان، بەتایبەتی لەنێوان لایەنگرانی لیستی کوردستانی و ئەو بزووتنەوە نوێیە " **لیستی گۆڕان** "، ئەوەی زۆر دراماتیک بوو، ئەوەبوو کە وەزیری بەرگریی هەرێم **"شێخ جەعفەرشێخ مستەفا"** لەگەڵ پاسەوانەکانی کە لەلایەن دەزگەکانی ئاسایشەوە ئەپارێزران، هێرشیانکردە سەر لایەنگرانی لیستی گۆڕان. ئێستا داوا لەسەر وەزیری ناوبراو پێشکێشکراوە سەبارەت بە زیانە گیانی و مادییەکان.

لیستی گۆڕان و پارتە ئۆپۆزیسۆنەکان ڕایانوایە کە ئەم پرۆژە دەستوورە دەسەڵاتی ڕەها دەدا بەسەرۆکی هەرێم، تا ڕادەی ئەوەی لەسەروو دەسەڵاتی پەرلەمانەوە بێت. ئەمەش گوایە لەترسی ئەوەی کە نەک ئەو لیستە نوێ یە " **گۆڕان** " زۆربەی دەنگەکانی پەرلەمان بەدەست بێنێت.

گۆران بانگەوازی دژی گەندەڵی دامودەزگەکان و دەسەلات ڕاگەیاند وژمارەیەکی زۆری لە لایەنگرانی یەکێتیی بۆلای خۆی ڕاکێشا. پێویستە ئەوەبڵێین کە ئەو دوو پارتە دەسەلاتدارە دەیانەوێ پێکەوەو بەهەرنرخێک بێ، ئیمتیازاتەکانی خۆیان بپارێزن. لە مەودای بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، کۆمەڵێک ساختەکاریی ئابووریی ئاشکرابوون. بۆ نموونە : کۆمپانیا نەوتە بیانییەکان پارەیان داوە بەو کۆمپانیانەی کە لەلایەن ئەو دوو پارتەوە بەڕیوە دەبرێن.

بووجەی هەرێمی کوردستان نهێنییە! گۆران ئاشکرای کرد کە ئەو دوو پارتە مانگانە هەریەکەیان ٣٥ ملیۆن دۆلار لەبودجەی هەرێم بۆخۆیان دەبەن. لەوەلامی ئەمەدا وەزیری دارایی هەرێم وتی کە ئەو مافی ئەوەی نییە قسە لەسەر ئەو ژمارانە بکات.

### لەکاتی هەڵبژاردنەکەدا:

گەلێک سەرچاوەی وەک کەناڵی ئەلجەزیرە و چاودێرە نێوروێژییەکان ئەوەیان ئاشکرا کرد کە گۆران سەرکەوتنی گەورەی لەهەموو هەرێمەکەدا بەدەستهێناوە. بەلام لەپێشەوە لە سلێمانی و دەوروبەری کە لیستی گۆران زۆرینەی دەنگەکانی هێناوە.

لەسەرەتادا هەڵبژاردنەکە ئاسایی بەڕێوە دەچوو، بەلام دوای کاتژمێر ٥ی ئێوارە، هەروەک میدیاکان دەڵێن لیستی گۆران لە سلێمانی نزیکەی ٤٠% ی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو، لە ناوچەکانی هەولێرو دهۆکیش دەنگی باشی هێنابوو. بۆیە یەکێتی و بەتایبەتیش پارتی کەوتنە ساختەکاریی بەم شێوەیەی خوارەوە:

*** ڕێگرییان بۆ خەڵک درووستکرد، بەو بیانوەی کە ناوەکانیان نەهاتۆتەوە و لە لیستەکانی بنکەی دەنگدانا نییە.**

*** لیستی کوردستانی چەکدارو لایەنگرەکانی خۆیان بە پاس گواستەوە بۆ بنکەکانی دەنگدان و لەزۆر بنکەی جیاواز دەنگیان دا. زۆر بە ئاسانی مەرەکەبەکەیان لەپەنجەیان دەکردەوە و لە بنکەی دیکە دووبارە دەنگیان دەدایەوە.**

*** بۆئەوەی زیاتر ئەم کارە بکەن، کاتی هەڵبژاردنەکەیان درێژکردەوە، بێئەوەی پرس بە نوێنەری لیستەکانی تر بکەن.**

*** چاودێرە سەربەخۆکان تووشی گرتن و لێدان بوون و، ژمارەیەکیش لەچاودێریی لیستەکانی تر دوورخرانەوە.**

*** سەرۆکی کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکان سەر بە پارتییە و بێلایەن نییە.**

*** نوێنەرەکانی پارتی لەبەردەم هەموو بنکەکان دەبینران و ڕەوشەکەیان کۆنترۆڵ کردبوو، لای هەر بنکەیەکیش ژمارەیەک چەکدار هەبوون و بەردەوام بە هەڕەشەوە تەماشای خەڵکیان دەکرد.**

### دوای هەڵبژاردنەکە :

شەوی ٢٧.٠٧.٠٩ کاتژمێر ١١ی شەو، دەستیان کرد بە تەقەکردن و هۆڕنلێدان لەناو شەقامەکاندا، بەم شێوەیە ئاهەنگی سەرلەنوێ هەلبژاردنەوەی مەسعود بارزانیان دەگێرا.

لە هەولێر و دهۆک کە زیاتر لەژێر کۆنترۆلی پارتی و بەرزانییەکاندایە، **نووسینگەی لیستی گۆران و بارەگەی یەکگرتووی ئیسلامیی** ، لەلایەن چەکدارەکانی پارتییەوە هێرشیانکرایە سەرو، چەند کەسێک بریندار بوون و کوژراویش هەبوو.

نوێنەری لیستی گۆران لە دهۆک **عەبدولواحید یاسین سەعید** لە ترسی هەڕەشەی پارتی، ناچار بوو شەوی ٢٦.٠٧.٢٠٠٩ بەرەو سلێمانی هەڵبێت.

**ژمارەیەک لەوانەی دەنگیان بەلیستی گۆران دا، لەکارەکانیان دەرکران، هەندێک گیران. پێش و دوای هەڵبژاردنیش خەڵک دەترسان بڵێن دەنگ دەدەین بە لیستی گۆران. تەنانەت جەلال تالەبانی فۆرمی بەسەر ئەندامەکانیدا بلاو ئەکردەوەو لێیان ئەپرسرا کە کێ دەنگی بە گۆران داوە و، بۆچی؟**

### ڕێکخراوی دیموکراتی سەربەخۆی ژنانی کورد داوا ئەکات:

لیستی گۆران هەوڵبداو سووربێ لەسەر داواکارییەکانی خۆی بۆ خەڵک هەروەک پەیمانی پێداون، هەروەها لەڕێی میدیاکانەوە هەموو کارە ئەو ناشیرین و نادیمۆکراتی و پێشێلکارییانەی کە لیستی کوردستانی دەیکات بەرامبەر بە خەڵک، ئاشکرا بکەن. داواش لەخەڵکی کورد دەکەین کە جارێکی دیکە هەموو بەیەک دەنگ، دژ بە هەموو پێشێلکارییەکانی پارتی و یەکێتی نارەزایی دەرببڕن و جارێکی تر بەهیچ جۆرێک دەنگ بەو پارتانە نەدرێت، بەڵکو داوای ئەوە بکرێت لەسەر ئەو پێشێلکارییانەی دژ بە گەلی کورد کردوویانە، سزابدرێن.

# درەختی کوردایەتی



**کامیل ژیر**

## تۆوم وەشان

بەنهێنی، لەمەترسیی شەوی تارا
لە پاسارا
تۆوم وەشان
بەئاشکرا، لەناو گڕی گوند و شارا
لەجەخارا
تۆوم وەشان
لەسەر شاخ و لە پێدەشت و لە پای هەردا
بەناو وەردا
تۆوم وەشان
بەناو خار و بەناو دارو بەناو بەردا
بەناو دەردا
تۆوم وەشان
تۆوی بیرو باوەڕێکی بەرین و ورد
پاکژ و گرد
تۆوم وەشان
بەبێ پەروا، بەبێ ئارام، بەدەست و برد
بۆ نەوەی کورد
تۆوم وەشان
لەکێڵگەی نیشتمانێکا، تابڵێی جوان
بەدڵ و گیان
تۆوم وەشان
بۆ مەبەستێ، بەبێ کۆڵدان، بەبێ وچان
لەکوردستان
تۆوم وەشان
بەپایزی بێ بای وەشت و بەبێ باران
بەبێ یاران
تۆوم وەشان
کۆمەڵانی هەر لەخۆمان، دژم وەستان
دژم هەستان
تۆوم وەشان
چەکەرەی کرد، گیاکەڵەکان ویستیان بیبەن
یا وشکی کەن
وتیان تۆ نیت
تۆ خەیاڵێت، تۆ بەتاڵێت، ئەتکەین بەپەن
ئێوە کەی هەن!؟
تۆوم وەشان
چونکە تۆوم تۆوی نەژاد و ڕەسەن بوو
بەرژەوەن بوو
خۆی ڕاگرت و
گەڵای کرد و نەمامێکی بەهرەمەن بوو
پەرەسەن بوو
درەختێکی
لێ پەیابوو، چڕ و پڕ و قەشەنگ و قۆز
بەرز و پیرۆز
ڕەگی داچوو
بۆ ڕۆژان و بۆ داستانی کاوە و نەورۆز
بزوێنی سۆز
پەلی هاویشت
بەئاسمانی سەرتاسەری کوردستانا
بەجیهانا
بەناو هەستا
بەدەروونا، بەناو بیرا، بەوێژدانا

بەژیانا
ئێستا شنەی
ئەو درەختە سرودێکی بەئاوازە
تەلی سازە
ریشە و رەگی
بەر لەئێستای بۆ داهاتوو چارەسازە
بەردە بازە
قەد و باڵای
هەڵکشاوی ستوونێکی رێک و جوانە
پایەمانە
باڵی راستی
میللەتێکی خۆڕاگر و قارەمانە
سایەمانە
لقەکانی
بۆ تێکۆشەر رێنمایە و هێڵ و پردە
رێگەی مەردە
گوڵەکانی
گوڵی یەخەی شۆڕەسواری ئازای کوردە
کەنەبەردە
گەڵاکانی
سوور و زەرد و سەوز و سپی، ئاڵامانە
باڵامانە
بەڵگە نامەی
خوێن و خۆر و خاک و بەفری کوردستانە
کاڵامانە
سێبەری بۆ
هەموو کورد و کوردستانە بەیەکسانی
بۆ رۆژانی
ئازادبوونی
مرۆڤی کورد لەسەر خاکی نیشتمانی
باپیرانی
بەری تەڕی
ئەو درەختە، برایانی هاوبیری خۆم
منیش نەیخۆم
شانازیمە
وەکو ئێوە لەبەرهەمیا هاوکار و کۆم
هەوێن و هۆم

تۆوم وەشان
ئەوەی جاران لەرێگەمدا بوو بەبەربەست
بێ هۆش و هەست
ئەمرۆ ئەویش
لەگەڵمایە، خاوەنی رێ، خاوەنی هەست
کۆک و پەیوەست
تۆوم وەشان
بوو بە خۆرە و چووە گیانی داگیرکەران
لەکوردستان
تۆوم وەشان
بوو بە باڕووت بۆ بارەگای دژ و تاوان
هەڵی تەکان
سەدان سەری
ستەم تیایا بوو بە کۆڵوو، بەکۆی زووخاڵ
رەگەزی تاڵ
نەخشەکانی
وەکو لاشە و هیواکانی، شیتاڵ شیتاڵ
نرانە چاڵ
تۆوم وەشان
شانازیمە بەرووبومی والەڕوا
ئاسا ئەڕوا
شانازیمە
لەناو ناخی قووڵی بیرا تۆوم روا
بوو بڕوا
بڕوایەکی
وەها پتەو، ئازاد بوونی کوردی تیایە
لەم دنیایە
کوردستانی
سەربەخۆیی و سەرتاسەری پێ ئاوایە
بەو بڕوایە
ئەی درەختە
پیرۆزەکەی کوردایەتی خوێنی گەشم
گیان و لەشم
پێشکەش بەتۆی
بیرو بڕوام
هی تۆیە و من، گەرچی هەشم،
لێی بێ بەشم.

# گرنگیی پرۆژە و، هەستی نەتەوایەتیی!

**رێبوار نەلاسی**

هەموو ئەو نەتەوە و زلهێزانەی کە ئیمە خوازیارین  لە رەوتی خەبات و تێکۆشینماندا دۆست و پشتیوانمان بن، خاوەن وپێکهێنەری بەرنامەیەکی نەتەوەیین بۆ خۆیان، کە ئەوانیش بە پێی بەرژەوەندیی ئابووری و نەتەوەیی خۆیان هەڵسووکەوت لە گەڵ گەلان و رووداوە دەرەکییەکاندا دەکەن، کەچی ئێمە {بەناشکوری بێت} ئێستاش لە خەمی دڵنەشکاندن و برایەتی گەلانی داگیرکەرمان دایند یان رەنگبێ وا بیربکرێتەوە کە ئەگەر هات و بە سەربەخۆیی گەیشتین، داگیرکەرەکانمان کە ئێستا بەم شێوەیە رێز لە ماف و ئیرادەمان دەگرن، ئەوکات چۆن دەتوانن بەبێ ئێمە  بژین.

**خوێنەری بەرێز: تۆ بڵێی لە دڵسۆزی بۆ ئەوان بێت کە دەستەلاتدارانی ئێستای کورد جاری سەربەخۆی کوردستان نادەن؟**

**گەرچی من پێموایە لاوازیی هەستی نەتەوەیی و نەبوونی ستراتیژی نەتەوەیی هۆکارێکی سەرەکییە لە نەگەیشتنمان بە سەربەخۆیی. مەبەست لە ستراتیژییەکی نەتەوەیی ئەوەیە کە بە درێژایی شۆرش و راپەرینەکانی کوردستان -  ئێستاشی لە گەڵ دابێ، نەتوانراوە سیستەم و ناوەندێکی نەتەوەیی دابمەزرێندرێت، تاکوو بە پێی ئەو یاسا نەتەوەییانە شێوازی شۆرش و دەسەلاتداریتیی کوردیی رێکبخرێت، کە بێگومان بوونی سیستەمێکی لەم شێوەیە لە نێو هەر نەتەوەیەکدا، ئاستی بەهێزی هەستی نیشتیمانپەروەری ئەو نەتەوەیە دەردەخات و بە پێچەوانەشەوە رادەی لاوازی ئەو هەستە پیشاندەدات. نەبوونی یەکریزی و پێبەند نەبوون بە پرەنسیپی نەتەوەیی لە نێو زۆربەی رێکخراو و سەرکردەیەتیی کورد، بە تایبەت و بروابەخۆنەبوونی تاکی کورد بەگشتی، رێخۆشکەرە لە بەردەم تاک و سەرکردە و رێکخراوەکانی کورد، کە بەو شێوەیەی خۆیان بروایان بە چارەسەری کێشەکانە، بەو پێیە کە لە گەڵ بەرژەوەندیی تاک و کۆمەڵیاندا دەگونجێ، بەرزی و نزمی بە داخوازە رەواکانی نەتەوەکەمانەوە بکەن لە بەرامبەر داگیرکەرانی کوردستان و رای گشتیدا.** هەرچەندە کە یەکێک لە هۆکارەکانی خۆدزینەوەی وڵاتانی زلهێز لە هاوکاریی چارەسەری کێشەی کورد، **(جیا لە پێوەندییە سیاسی و ئابووریەکانیان لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستان)** دەگەرێتەوە بۆ ئەو هەڵسوکەوتو و کەسایەتییەی کە تاکوو ئێستا بەشی زۆری رێکخراوە و دەسەلاتدارانی کورد پێشانی ئەوان و رای گشتییان داوە، کە چەندە بە یەکگرتوویی و نیشتمانپەروەرانە بۆ چارەسەری کێشە رەواکەمان و دەستەبەرکردنی کیانێکی سەربەخۆ هەوڵیانداوە. خوێنەرگیان تۆش گەر بۆچوونت وایە، هاورێ لە گەڵ من بڵێ:

**لە چاوی پیس بەدوور نەبێت!**

دە با بەس بێت ئەوە کە حیزبێک خۆی بە دوژمنی داگیرکەرێکی کوردستان دەزانێت و لە لایەکی دیکەشەوە رژێمەکانی دیکەی سەر کوردستانی پێ دۆست و پشتیوانە

گەرچی داگیرکەر لە هەر شوێنێکی کوردستان وتەنانەت جیهانیش بێت هەر داگیرکەرە و ناوێکی دیکەشی لێ نانرێت.

دەی با هەست و وشەی دزێوی  ئێرانچێتی وتورکچێتی وعێراقچێتی وسووریاچێتی فرێ بدەینە نێو تەنەکە خۆڵەوە، کە لە راستیدا دیاریی داگیرکەرانە و زۆریش لە لاوازکردنی هێز وتوانای نەتەوەییماندا بۆیان بە بەرهەم  بووە.

ئێستاش ئێمەی تاکی کورد پێویستیمان بە بردنەسەری ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی هەیە، هەروەها ئەرکی سەرشانی هەموو مرۆڤێکی سەربەخۆخوازە هەوڵی ناساندن و زەقکردنەوەی ناسنامە و هەبوونی کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن شارستانی و لەمێژینە بدات. شتێکی حاشا هەڵنەگرە، کە ئێمەی کورد بەر لەوەی بە پێی ئەو سنوورە دەستکردانە بە تورکیای وئێرانی و عێراقی و سووریایی بکرێین، کورد و کوردستانی بووین و هەین. لەبەر ئەوە کورد و کوردستانیبوونمان، ئەگەر وەک مافێکیش بێت ئەوا سەرەتاییترین و رەواترین مافە. هەر چەند بە داخەوە، ئێستاش زورینەی رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، کە هەر یەکەیان خۆیان بە پێشرەوی بەشێک، یان تەنانەت نەتەوەی کوردیش دەزانن، نەیانتوانیوە هەستی نەتەوەپەرستیی شیاو لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا پەرە پێبدەن.

هاوکات بە پێی گوشار و هەڵسوکەوتی رەگەزپەرستانەی ئێستای داگیرکەرانی کوردستان و نەبوونی یەکگرتنێکی نەتەوەیی لە نێو ئێمەی کورددا، رەنگبێ ئێستا لەماوەیەکی کورتدا، دامەزراندنی حکوومەتێکی نەتەوەیی و سەربەخۆ زەحمەت بێت  بەلام ئاستەم و نامووەکین نییە، خۆ دەتوانرێت ئەگەر بە پێی مافی رەوای گەلانی جیهانیش نەبێت.

**بە برواهەبوون بە نەتەوەبوونمان و مافە نەتەوەییەکان، بە پێی بەرنامەی دروست و گونجاو، هەوڵبدەین بۆ رزگاری و یەکخستنی هێزوتوانای هەموو بەشەکانی نیشتمانمان وپێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ.**

# سۆزی ئەوین

## بەبۆنەی کۆچی دوایی مامە قالەمەڕە



عەبدلڕەحمان فەهیمی _ سەقز

**مامە قالە شمشاڵژەنی گەورەی کورد، لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا، کۆچیدوایی کرد.**

ڕۆژی هەینی ١ی جۆزەردان بەبەشداری هەزاران کەس لە خەڵکی شارەکانی کوردستان تەرمی مامە قالە لە ناڵەشکێنەی بۆکان ئەسپەردە کرا. کەم کەسان لە خێش و بێگانە هەن کە دنیا نەناسن یان لە نزیکەوە نەیاندیتبێ یان دەنگی شمشاڵە بەسۆزەکەی قالەمەڕەیان نەژنەوتبێ. دنیا بۆ هەموان ناسراو و ئاشنا و خۆشەویست بوو. ئەو هیچ شتێکی لە خەڵک شاراوە نەبوو. لەگەڵ **"کۆمەڵەی ژێکاف"** و مێژووی کوردستان و ڕووداوە گرینگەکانی حەشر و نەشری هەبوو. شمشاڵی بە یادی ئەو سەردەمە دەژەند و ئاواتی یەکگرتن و سەرگرتنی داخوازیی ڕەوای گەلەکەی بوو. دۆستانی گەلی کوردی خۆشدەویست و نەیارانی گەلەکەی ناخۆش. دۆعای بەخێری بۆ دڵسۆزانی نەتەوەکەی و نزای شەڕی بۆ بەدخوازانی میللەتەکەی بوو. بۆ مەرگی دڵسۆزانی گەلەکەی فرمێسکی دەرژاند و بە فرمێسکی چاوەکزەکانی داخ و خەمی دەروونی لەگەڵ سۆزی شمشاڵەکەی ئاوێتە دەکردو دەریدەبری.

**بەراستی ئایا ئەوانەی خۆ بەزانا و چازان و لێزان و ڕامیار دەزانن قەت سەوادی ئەوەیان هەبوو، کەدەنگی شمشاڵی قالەمەڕە بخوێننەوە و لەهاواری فرمێسکی ئەو پیرەپیاوە دڵسۆز و نیشتمانپەروەرە تێبگەن؟** دنیا بە سۆزی شمشاڵەکەی هەزاران هەزاران جار گوتی مرۆڤ بۆ شەڕ نەهاتووەتە زەوی و بۆ شەڕ نەخولقاوە. مرۆڤ مافی خۆیەتی ژیانی سەربەخۆی هەبێ. گەلانی دنیا مافی خۆیانە سەربەخۆبن. ئایا ئەمە داوایەکی نا بەجێیە؟ ئایا ئەمە تاوانە؟ لەرێ و ڕەسمی بەخاک سپاردنی تەرمی دنیای خۆشەویستماندا تەنانەت دەربڕینی هەستی میللی بەرامبەر بەو ئاشتیخواز و دڵسۆزە قەدەغە کرابوو. کۆڕی دروشمدان پێیان گوترا بوو لە باسی دڵی دنیا و دڵی شمشاڵەکەی باس مەکەن. دروشمی زۆر بچووک بۆ بەرێکردنی مامە قالە دەدرا. ئەوانەی قالەمەڕە و شمشاڵەکەی مامە قالە و ئامانج و ئاوات و حەز و تاسەو هەستی مامە قالەیان دەناسی بۆیان نەبوو باسێک لەو هەموو قسەی کە شمشاڵەکەی مامە قالە بە سۆزی خۆی باسی لێکردبوو باس بکەن. نازانم تاکەی ئەم هەقپۆشیە دەبێ لە وڵاتی ئێمەدا درێژەی هەبێ؟ مامە قالە کە نێوی کوردستانی دەبیست فرمێسک بە چاوانیدا دهاتە خوارێ. نێوی گەورەپیاوانی کورد دەروونی دەهەژاند و سۆزی شمشاڵەکەی دەگەشاندەوە. دە جا بۆ کاتی بەرێکردنیشی نەکرێ

نێوی خۆشەویستەکانی بەسەر زار و زمانی هیچ کەسدا بێ؟ بۆ دەبێ دنیا هەر بە دەستی سەدام حوسێن و قاتڵان و پیاوکوژان و خوێنمژانەوە بێ؟ بۆ دەبێ بۆ تەنیا جارێک تەنانەت نێوی ئاشتیخوازێک و دڵسۆزێک بە سەر زار و زماناندا نەیە؟ بۆ نێوی ئەو پیاوە مەزنانەی مێژووی کورد دەبێ سانسۆر بکرێن. مەگەر ئازادیخوازانی کورد چ تاوانێکیان کردوە کە نێویان لە کۆڕێکی پاک و پیرۆزی ئاوادا قەدەخە کراوە؟ شەڕئەنگێزان نایانەوێ نێوی ئاشتیخوازان بەسەر زماناندا بێ. کوردەکەی خۆشمان بە درێژایی سەدەکانی ١٩ و ٢٠ و ئێستاشی لەگەڵ بێ خۆیان، خۆیان سانسۆر کردوە. کێ نازانێ کە شای دیکتاتۆر و باوکی، ئازادیخوازان و ئاشتیخوازان و بلیمەتەکانی ئێرانی و کوردستانیان کوشتن و بەندیخانەکانیان لە ئازادیخوازان پڕ کرد و زۆر دڵسۆزانیان لە وڵات وەدەرنا؟ ئەگەر شای زاڵم ئەو گەورەپیاو و شێرەژنانەی بەو دەردانە برد، ئێستا بۆ دەبێ ئەو رەوتە درێژەی هەبێ؟ خۆ ئێستا ئیتر دیکتاتۆرییەت نەماوە ئەگەر حیزب و رێکخراوە سیاسی و کۆڕ و کۆمەڵە



مەدەنییەکان دەرفەتی تێکۆشانیان هەبێ، قەت قەت وڵات ئاوا نەدەبوو. ئەو هەمو شەڕ و شۆڕ و هەراوزەنایە و ئەو هەموو کوشتنوبڕین و ماڵوێرانی و دەربەدەری و زیندان و ئەشکەنجە نەدەبوو. کێن ئەوانەی شەڕیان لا پیرۆزە؟ کێن ئەوانەی قسەی هەقیان لا خراپە و گوێیان لە ئاست راستییەکان خنیوە؟ گەڵی کورد ئێستا بۆ تەواوی دنیا ناسراوە. مێژووی هەیە، زمانی هەیە، کولتوور و فەرهەنگی هەیە، ئەدەب و هونەر و مۆسیقا و ...ی هەیە. جیا لە هەموو ئەوانە مێژووی خەباتی دوور و درێژی هەیە و لەو پێناوەدا بەسەدان هەزار شەهیدی داوە. بەو هەمووەوە بۆ دەبێ بەدەربڕینی داوای مافی خۆی بۆردومان بکرێ؟ کیمیاباران بکرێ؟ شاربەدەر و ئاوارەی هەندەران بکرێ؟ دنیا بە دەنگی شمشاڵەکەی ئەمانەی دەگوت: کابرای بێخەبەر لە هەموو ئەو راستییانە، دەیگوت: "هەر کەس لەوەسیەت و ئاواتەکانی دنیا بدوێ ئەوە کۆڕەکە دەشێوێنێ". ئەو کەسە دنیای وەک دۆعانووسێک هاتبووە بەرچاو. سووچی خۆیەتی چۆنکە قەت بیری لەو شتانە نەکردووەتەوە. ئێستا دنیای دیکتاتۆریی نەماوە! ئێستا تەنانەت لە دنیادا سنوورەکان نەماون! ئێستا دنیا دنیای یەکبوونە. دنیا دنیای گەیشتن بەئاواتەکانی رەوای گەلانی جیهانە. ئێستا ئیتر داوای رەوای گەلانی جیهان داوایەکی عاجباتی نییە!

**ئەگەر لای ئێمە ئەو رەوتە هەر ماوەتەوە، تاوانی خۆمانە. کورد گوتویەتی: « چۆلەکە بکەوێتە نێو تەشتێ ئاو، دەڵێ: دنیا ئاو بردی!» دنیا فراوانە و تەشتە ئاو نیە!**

**نووسراوەکەم بەم چەند وشە بەپێز و پڕواتای هاوڕێی زانام بەڕێز کاک تۆفیق ئیبراهیمی کۆتایی پێدێنم:**

**" بایەخی مرۆڤ چەنە؟**

**گەل چەنە؟**

**وڵات چەنە؟**

**سۆزی شمشاڵی مامە**

**سۆزی مرۆڤ و گەل و وڵات**

**و شمشاڵژەنە!"**

# بەشێک لە چالاکییەکانی
# ڕێکخراوی سەربەخۆی دیمۆکراتی ژنانی کورد – نۆروێژ

١. ڕێکخراوەکەمان ڕۆژانی ٢٣ و ٢٤ی مانگی مای لە شاری بەرگن، هەروەها ٢٥ و ٢٦ی مانگ لە شاری ستەڤانگەر، بەهاوکاریی خانەی ئینتەرناشناڵ، ٤ کۆرو ۆرکشۆپی ئامادەکرد. ئەمەش لەژێر ناوی:

**" دەنگی بەهێزی ژنانی کورد" بۆ خانمان :**

*** نەجیبە مەحمود، چالاک لەبواری مافەکانی ژنان، خاوەنی ئەزمونێکی دووردرێژە لە کوردستان. باسی لە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان کرد لە کوردستان.**

*** بەیان سەلمان، لێکۆڵینەوەیەکی لەژێر ناوی ( دەنگی شاراوەی ژن)، لەسەر ژنانی پەنابەرو خۆگونجاندنیان لە ئەوروپا پێشکەشکرد. بەیان لەبواری ڕاگەیاندن لە کەناڵی تەلەفزیۆنی تیشک لە پاریس کاردەکات و سەرۆکی ڕێکخراوی دەریایە لە فەرەنسا.**

*** پرشنگ سەعید، سەرۆکی ڕێکخراوی ژنانی کلتوری تێکەڵاو. لەسەر " گونجاندن تەنیا بۆ ژن " قسەی کرد.**

*** د.نەزەندبەگی خانی، توێژەری باڵا لە گروپی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە توندوتیژی جێندەر، مەکتەبی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە سیاسەت لە زانستگەی بریستۆڵ، لەسەر "کوشتنی ژن بەبیانووی شەرەف لە باشووری کوردستان" قسەی کرد.**

**شایانی باسە کە ژمارەیەکی زۆر لە کورد و نۆرویجی شاری بەرگن بەشدارییان کردو، گفتوگۆیەکی قوڵ و سوودبەخش تا درەنگانێک بەردەوام بوو.**

٢. لەرۆژی شەممە ١٣.٠٦.٢٠٠٩ کۆڕی دیالۆگمان هەبوو لەسەر **"هاوسەرگیریی زۆرەملێ"** لە بەرگن. کەسایەتییەکانی کە بانگکرابوون لێکۆڵینەوە پێشکێشکەن، **(ئەبی لەتیف عەبدوڵا ئەحمەد، مامۆستای ئاینی لە مزگەوتی بەرگن، لەژێر ناوی "هاوسەرگیریی زۆرەملێ کێشەیەکی کۆمەڵاتی یە"** باسێکی پێشکێشکرد. لەدوای ئەو **یاننە واگبۆ** نوێنەری تیمی هەڵبژاردە دژ بە هاوسەرگیریی زۆرملێ. لەسەر ئەزموونی خۆیان و توندوتیژی بەبیانووی شەرەف قسەی کرد. شایانی باسە ئەم چالاکییە لەگەڵ ڕێکخراوی **(کێنیایی و ڕێکخراوی کچان و ژنانی سۆمالیا و، ئەنجومەنی هاوپشتی کۆچبەران)** ڕێکخراو ئەوانیش بەشدارییان کرد. ئەوەی وای کردبوو کە بەشداربوان زۆربن، بوونی جێگەی تایبەت بۆ مندالان و چاودێری مندالان بوو.

٣. جگە لە کاری ڕۆشبیرکردنەوەو پێشرووخستنی کێشەکانی ژنان، ڕێکخراوەکەمان لەم ٣ مانگەی پێشوودا یارمەتی ٣ ژنی پەنابەری داوە لەسەر مەسەلەی مافی پەنابەرێتی. ٢ کچی گەنجی کورد لەسەر مەسەلەی بەزۆر بەشوودان پێوەندییان پێوەکردووین، یارمەتی ژنێکیش دراوە بۆ مەسەلەی جیابوونەوەو پاراستنی لە مەترسیی کوشتن.

چەندین کوری گەنجیش بە مەبەستی بەشداربوونیان لە کۆڕەکانمان و یارمەتیدانیان بۆ فێربوونی زمان و چالاکی گەنجان لەڕێی ڕێکخراوە نۆرویجیەکانەوە، هەروەها بۆئەوەی لە کەمپەکانیان تووشی کێشەی دەروونی و کاری نایاسایی نەبن و زیان بەخۆیان و کۆمەڵگەی دەوروپشتیان نەگەیەنن، هاریکاریی کراون.

**٤. کۆڕێک بۆ شیلان شۆڕش، سەرۆکی ڕێکخراوەکە لە ٢٠ مانگی مای دا لەسەر هاوسەرگیریی زۆرەملێ لە bymisjon kirknes لە بەرگن ڕێکخرا. هەر ئەو کۆڕە لە ١٢ی مای لە ستەڤانگەر بۆ ڕێکخراوی Norsk sanitet kvinne ڕێکخرا.**

ئەمە جگە لەچەندین کۆبوونەوەی جیاواز لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەت و وەزارەتەکان و پێوەندی و ئامۆژگاریی لەسەر هاوسەرگیریی زۆرملێ و کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوە نەرویجیەکان و گرووپەکانی پەنابەرانی نەرویج، لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکانی ژنان.

٥. ناردنی چەندین وتارو نامە بۆ وەزارەتەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامە نەرویجی و کوردیەکان، لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان کە پەیوەندیان بە کێشەکانی ژنان و کێشەی کوردو مەسەلە دیموکراتیەکانەوە هەبووە.

**هەر لەسۆنگەی ئەم کارانەوە و، بەتایبەتیش مەسەلەی هاوسەرگیریی زۆرەملێ، شیلان شۆرش و ڕێکخراوەکە لە ٣ ی مانگی فێبریوار، لە لایەن ڕێکخراوێکی ژنانی نۆرویجی کە ناسراوە بە Norsk sanitet kvinne ، خەڵاتی " دۆرشۆ" یان پێ بەخشرا.**

**شایانی باسە ئەم ڕێکخراوە گەورەترین و کۆنترین ڕێکخراوی ژنانی نۆرویجی یە کە لە ساڵی ١٨٩٦ دا دامەزراوە و ٥٢٠٠٠ ئەندام و ١٣٢٤ بارەگای لە نۆرویج هەیە.**

# بکوژانی دوێنێ و، ئازادیخوازانی ئەمڕۆ!؟

نووسینی: هێمن خ. (بۆکان)

لەمێژووی سیاسیی گەلاندا، گەلێک جار ژمارەیەک مرۆڤی شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز بوونەتە پێشڕەوی خەباتی خەڵک و لەدژی دیکتاتۆرەکان ڕاپەڕیون و پاش بەرپاکردنی خەباتێکی خوێناویی و کوژرانی خەڵکێکی زۆر، ڕژێمی دیکتاتۆریان لەنێوبردووە و، بۆخۆیان بوونەتە فەرمانڕەوای وڵات، بەڵآم زۆری نەخایاندووە، خۆشیان دەستیانداوەتە کوشتنوبڕین و تۆقاندن و چەوساندنەوەی خەڵکەکەیان و، بێدادییان گەیاندووەتە ئاستێک کە خەڵک ئاوات و خۆزگەیان بە دیکتاتۆر و بکوژەکەی پێشوو خواستووە.

ئەم دیاردەیە لەسەرەتای هەزارەی سێ و، لەسەردەمی شارستانێتی و پێشکەوتنی بیری ئازادیخوازی و دیمۆکراسیی، لەنێو وڵاتانی دواکەوتوو لە ئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکای لاتین کە بە "دنیای سێیەم" نێویانڕۆیوە هێشتا ماوە و، لەسەدساڵی رابوردووەوە تاکو ئەوڕۆ بەدەیان شۆڕشی خوێناویی بەرپاکراون و، پاش سەرکەوتنیان، بارودۆخ وگوزەرانی خەڵک، لە جاران خراپتر بووە و، هیچ گۆڕانکارییەک نەهاتووەتەدی.

لەم بارەوە، وڵاتی ئێران نموونەیەکی زیندووە. ساڵی ١٩٧٩ لە ئەنجامی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەریی ڕژێمی پاشایەتیی ڕووخا و کۆماری ئیسلامیی لەجێی دامەزرا، بەڵآم پاش تێپەڕبوونی چەند هەفتەیەک ئایەتوڵڵا خومەینیی هەموو وادە و بەڵێنەکانی لەبیرخۆی بردووە و، شەڕێکی گەورە و خوێناویێ بەسەر نەتەوەی کورددا داسەپاند. لەئێرانیش دەستیکرد بە گرتن و لەسێدارەدانی ئازادیخوازان و نەیارانی سیاسیی.

هۆکاری سەرەکیی مانەوەی سیستەمەکانی دیکتاتۆری و دژ بە ئازادیی لەو کیشوەر و هەرێمانەی جیهان ئاماژەمان کردپێ، دەگەڕێتەوە بۆ نزمبوونی ئاستی هۆشیاری سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیی خەڵک. پێوەندیی بەوەوە هەیە، کە خەڵکی ئەو وڵاتانە هیچ جۆرە ئەزموون و تاقیکردنەوە و زانیارییەکیان سەبارەت بە ئازادی و دیمۆکراسی و مافەسروشتی و سەرەتاییەکانی تاک و کۆمەڵ و، چۆنێتیی گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانە نییە. هەر لەبەر ئەوەشە، کەسانی هەلپەرست و درۆزن و دەسەلاتخواز، بەدرۆشمی بریقەدار دەتوانن بەهاسانی کڵاویان لەسەر بنێن و، لەپێناو گەیشتن بەدەسەلآت، یان لەپێناو گێڕانەوەی دەسەلاتی لەدەستچوویان، بەکاریان بهێنن و، بیانهێننە سەر جادەو گۆڕەپانی شارەکان و، لاشەی کوژراویان بکەن بە بەردی پەرینەوە بۆ گەیشتن بەدەسەلآت. لەم بارەوە، دیسان کۆماری ئیسلامیی و، کۆمەڵگەی ئێران وەک نموونە دێنمەوە!

پاش مردنی ئایەتوڵڵا خومەینیی لەساڵی 1989، ئایەتوڵڵاکان و کارگێڕانی



سەرەکیی کۆماری ئیسلامیی بۆ مەبەستی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و لەشکریی وڵات، ململانێ و کێبەرکێیەکی نهێنی و دوور لە چاوی

خەڵکیان دەستپێکرد. ئەو ململانێیە لەڕەوتی خۆیدا، دوو مافیای گەورەی لێ پێکهات. سەرۆکی لایەکیان **کەسایەتیی ناسراوی کۆماری ئیسلامیی - هاشمی ڕەفسەنجانییە** و، لایەنەکەی دیکەش **خامنەیی (وەلی فەقیە)** ڕێبەریێتیی دەکات. ناکۆکیی نێوان هەردوو باڵەکانی نێو ڕژێم لەسەروبەندی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەوساڵ (2009) گەیشتە بەرزترین ئاست و، نەتەنێ خەڵکی ئێران و کوردستان، بەڵکو هەموو گەلانی جیهان لەڕێگەی میدیاکانەوە ئاگاداری رادەی دژایەتی و شەڕی نێوان کاربەدەستانی ڕژێمی ئێران بوون، کە چلۆن لەپێناو لاوازکردنی یەکتریدا، هەردوولایان دزی و تاوانەکانی سالانی رابوردووی یەکدیی ئاشکرا دەکەن. پاش تەواوبوونی ئەنجامی هەڵبژاردن و، ئاشکرابوونی ساختەکاریی لە بژاردنی دەنگەکان و، داسەپاندنی ئەحمەدینژاد لەلایەن خامنەییەوە بۆ خولی نوێی سەرکۆمارییتیی، باڵەکەی دیکە ناچار بوو بۆ پارێزگاریکردن لە پاشماوەی دەسەڵاتی لەنێو ئۆرگانەکانی سیاسی و ئاینیدا، بەئاشکرا جاڕی ساختەکاریی گەورە لە هەڵبژاردن بدا و داوای هەڵوەشاندنەوەی بکات. لەوەوە، ڕاپەڕینێکی جەماوەریی بەرپاکرا، کە لە سیساڵی رابوردوودا لەئێران بێوێنە بوو. لایەنی دۆڕاو کە باڵی ڕەفسەنجانین، سەرۆکایەتیی ئۆپۆزیسیۆنیان گرتەدەستی خۆیان و، کەسانێکی وەک **ڕەفسەنجانی و کەڕووبی و مووسەوی و حەجاریان و هادی غەفاری** و ... هتد، کە لەساڵانی دەسەڵاتداریێتییاندا هەزاران مرۆڤی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەری کورد و ئێرانییان لەنێوبردبوو، لەسایی داهات و سامانی خەڵکی ئێرانەوە چوونەتە ڕیزی ملیاردێرەکانی جیهانەوە، بەشەووڕۆژێک بوون بە شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز و لایەنگری سوێندخواردووی مافی مرۆڤ. **مەهدی کەڕووبی سەرۆکی پێشووی پەرلەمان و، لەدەسەڵاتکەوتووی ئێستا، دەڵێ: "تا عیزرائیل نەیەت، واز لەئامانجەکانی شۆڕشی ئیسلامیی ناهێنین". میرحسێن مووسەوی نوێنەری هەڵبژێردراوی باڵی ڕەفسەنجانیش چەندین مەرجی داناوە بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی وڵات و، داوایکردووە، ئەو کەسانەی فەرمانیان بە پۆلیس و بەسیج داوە تەقە لەخەڵک بکەن، دەبێت بدرێنە دادگە و سزابدرێن. باڵی خامنەییش وەک یەکانەی هاری لێهاتووە و، داوای لەهێزی چەکدار کرد، بەزەیی پێشاننەدا و توندوتیژ بێت بەرامبەر نەیارانی وەلی فەقیە. ئەوە بوو لەو هەزاران خۆپێشاندەرەی لەتاران و شارەکان گیران، بەسەدان کەسیان تاکو ئێستاش بێسەروشوێنن و، دەستدرێژیی کرایە سەر سەدان کچ و کوڕ و، داخستنی ڕۆژنامە و، گیران وشکەنجەدانی نەیارانی بەرەی خامنەیی ئێستاش هەر بەردەوامە و، نەبڕاوەتەوە.**

بێگومان، خەڵکی ئێران وەک چۆن لەرابوردوودا پێشانیاندا نەیانتوانیوە بەچاوێکی کراوە و، بەبیرێکی ژیرانەوە ڕاپەڕینەکانیان بە ئەنجامبگەیەنن، ڕاپەڕین و قوربانیدانی ئەم جارەشیان نابێتە هۆیەک بۆ هۆشیاربوونەوەیان سەبارەت بە ناسینی نێوەرۆکی سیستەمی کۆماری ئیسلامی و، بۆ پێشخستنی بیری ئازادی و دیمۆکراسیی. چونکە کەسانێک سەرۆکایەتیی ڕاپەڕینەکەیان کردووە و، ئێستاش دەیکەن، کە بۆخۆیان لەریزی گەورەبکوژ و دز و دەسەڵاتخوازاندا بوونە. لەمێژووی سیاسیی سەدودە ساڵەی ئێران، هەر لە " انقلاب مشروطه" (شۆڕشی نوێخوازیی) یەوە تاکو ئەمڕۆ لە ئێراندا چەندین ڕاپەڕینی گەورە وخوێناویی بەرپاکراوە، بەڵام سەرۆکایەتییەکەی لەهەموو ئەو ڕاپەڕینانەدا کەوتووەتەدەستی چینی ئاینی و زەنگین و دەستڕۆیشتووی وڵاتەوە و، پاش سازانی نهێنیی لەنێویاندا، پێکەوە ڕاپەڕینی خەڵکیان نوقمی خوێن و ئاگر کردووە. ئەوڕۆکەش هیچ نەگۆڕاوە و، ئەوانەی کە بەرگی ئازادی و دیمۆکراسییان پۆشیوە، بکوژانی دوێنێی کۆماری ئیسلامین کە دەستیان بەخوێنی دەیان هەزار ڕۆڵەی کورد و ئێرانی سوورە. لەبەر ئەوە هەتاکو گەلانی نێوچەکە - لەوانە گەلی کوردیش، ئاستی هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی هەروا نزم بێ، ناتوانێ ئامانج و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و سیاسی و مافەکانی خۆی بناسێ و، هەمووکاتێک یاریی بە گیان و چارەنووس و ئامانجەکانییەوە دەکرێت!

# لەبیروبڕوا و پرنسیپەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

نەتەوەی کورد یەک لە نەتەوەکانی هەرەدێرینی رۆژهەلاتی ناڤینە و خاوەنی شارستانییەت و مێژوویەکی کۆنی هەزاران سالەیە. نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژووی لەسەر خاکەکەی کوردستان، ژیاوە و لەسەری دەژی. لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزمی جیهانی و، کۆتایی و ئاکامەکانی شەڕی دنیاگری یەکەم، کورد و نیشتمانەکەی کوردستان، لەنێوان حکوومەتەکانی شۆڤێنیست و دیکتاتۆری ئێران و عێراق و ترکییە و سوورییە و یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو دابەشکرا. خەباتی نەتەوەی کورد لەوساتە بەملاوە پێینایە دۆخێکی دژوار و نابەرامبەرەوە و، بە دەیان راپەڕینی یەک لەدوایەکی بەمەبەستی رزگارکردنی خاک و نیشتمانەکەی بەرپا کردووە. داگیرکەرانی کوردستان، جیا لە داگیرکردنی خاکی کوردستان، بەپێی سیاسەتێکی هاوبەش، دەستیانداوەتە ژێنۆساید و تالانوبڕۆی سەروەت و سامان و کانزاکانی و، سووتاندن و چۆلکردنی نێوچەکانی کوردستان و بێبەشکردنی کورد لەسامانی و، دەرکردنی لەسەر نیشتمانی باوباپیرانی.

دینەمۆ و بزوێنەری هەموو رابوون و بزاڤێکی نەتەوەی کورد، چ لە کۆن و چ لە ئێستا، لە نێوەرۆکی خۆیدا، بەمەبەستی رزگاری و سەربەستیی بووە و، هێنانی بیرۆکە و ئایدۆلۆژی دیکە نەیتوانیوە و ناتوانێ، ئەو راستییە مێژوویە لەروخسار و نێوەرۆکی بزووتنەوەکانی کورد بشواتەوە.

ناکۆکیی سەرەکی و بنەڕەتیی لە کوردستان، لەنێوان داگیرکەران و، نەتەوەی کورددایە و، ئەو ناکۆکییەش بەگۆڕینی رژێمەکان، یان بە بەشداریکردن لە بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی وڵاتە داگیرکەرەکاندا چارەسەر ناکرێت. لەسەر ئەم بناخەیە، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، گرێدان و بەستنەوەی بزاڤی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد بە چوارچێوەی سنووری جوگرافیایی داگیرکەران، لەلایەن پارتی و حیزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە، بەلادانێکی ئاشکرا لەپرنسیپی کوردستانیی دەزانێ و، ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئەوە شێوە خەباتە چ قازانجێکی بۆ نەتەوەی کورد و کێشەکەی تێدا نییە و نابێت. تاکە رێگە، پچڕانی دەسەلاتی داگیرکەرانە لە کوردستان و، سڕینەوەی ئاسەواری پاشکەوتوویی و، دامەزراندنی دەولەتێکی سەربەخۆ و دیمۆکراتە لەسەرتاسەری خاکی کوردستان.

## لەم روانگەیەوە، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە پێناو ئەم ئامانجانەدا تێدەکۆشێ!

- - کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ پەرەپێدانی هەست و بیروباوەڕی نەتەوەیی و، زیندووکردنەوەی کەسایەتیی نەتەوەیی لای مرۆڤی کورد، بۆ ئەوەی خۆی بەکورد بزانێ و، کوردستان بە موڵک و خاکی خۆی بزانێت!
- - کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات لە پێناو پێکهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی و، یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد. دەرکردنی داگیرکەران لە کوردستان بەرێگەی دیپلۆماسی و، سازکردنی زەوینەی راپرسییەکی سەرتاسەریی (رفراندۆم) لە کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!
- - کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ ستاندنەوەی هەموو ئەو نێوچە و مەڵبەندانەی کە بەپێی سیاسەتی شۆڤێنیستانەی بەعەرەبکردن و بە فارسکردن و، بە ترککردنی کوردستان، لەلایەن داگیرکەرانەوە زەوتکراون و، لە خاکی نیشتمان دابڕاون!
- - کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ دابینکردنی دیمۆکراسی و یەکسانیی لەسەر بناخەی بڕوابوون بە پلۆرالیزم و، جێبەجێکردنی ژیانێکی مرۆڤانە و ئازادانە و گوزەرانێکی بەختەوەرانە و سەربەرزانەی ئەوتۆ، کە شیاوی مرۆڤی ستەمدیدە و خۆڕاگری کوردبێت!
- - کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان رێز و مافی یەکسان وەک هاووڵاتییەکی کورد، بۆ ئەو کەمینە نەتەوانە دادەنێت کە پێشینەیەکی کۆنی هەزاران ساڵەیان لە کوردستاندا هەیە و، خۆیان بە کوردستانی دەزانن!

Bi wê adres pêwendî legel serokayetîya kongrey NîŞtmanîya Kurdistan bigre!

Wka palingswich House
241 King Street
London W 6 9 L P UK.
wka@knc.org,uk
0044 – 208 748 78 74
0044 - 07768266005

بەم ئەدرەسە، پێوەندیی بە جەواد مەلا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە بگرن

ئەدرەسی پێوەندی گرتن لەگەڵ برووسک ئیبراهیم

بەرپرسیاری دەزگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

KNC@ribrahim.de Tele; 0049 – 82 33 80 61, Fax; 0049 – 82 33 61 21

Bi wê adres name û gotar û pêşnyaza xwe bo kongre bişîne!

KNC
P. B. 205 Holmlia
1204 Oslo, Norway.
post@kncsite.com
0047 – 93 83 99 53

نامە و وتار و پێشنیازی خۆتان بەم ئەدرەسە بۆ دەزگەی راگەیاندنی کۆنگرە بنێرن!

---

Kongre, Blawkera bîra Rizgarî û Azadî Netewey Kurde! Kongre, Blawkera bîrwbawerî kurdayetyî û Damezrandina Deweltî Serbexoy Kurdistane!

Serniwîskar û berprsyarî Dezgy Rageyandin; Sîrwan Kawsî

"کۆنگرە" بڵاوکەرەوەی بیری ئازادی و دیمۆکراسی و سەرفرازیی نەتەوەی کوردە! بڵاوکەرەوەی بیری رزگاری و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە!

سەرنووسەر و بەرپرسیاری دەزگەی راگەیاندن: "سیروان کاوسی"

---

ئەدرەسی ماڵپەرەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت!

| | |
|---|---|
| کۆنگرە ئینگلیزی: | www.knc.org.uk |
| کۆنگرە: کوردی (Latin)، عەرەبی، فارسی | www.kncsite.com |
| رادیۆ رۆژاڤا: | www.rojavatv.org.uk |
| حکوومەتی رۆژاڤای کوردستان: | www.western-kurdistan.com |
| سایتی حکوومەتی رۆژاڤا (ئینگیلیزی) | www.western-kurdistan.com |
| رادیۆ رۆژاڤای کوردستان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت | http://www.radiorojava.net |
| سایتی مامۆستا جەمال نەبەز | www.jemalnebez.com |
| سایتی دوکتۆر جەواد مەلا | www.jawadmella.com |